# بیانکوژن

ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

ئەم کتێبە باس لە گەشتێك دەکات کە دوو ڕۆژ و شەوێکی خایاندووە و دوای گەڕانەوەشم لە گەشتەکە تەنیا لەماوەی ١٠ کاتژمێردا ئەم کتێبەم نووسیوەو ئامادەی چاپکراوە، چونکە ڕووداوەکان زۆرکاریگەر بوون بەسەر منەوە و حەزم دەکر هەرچی زووە بگەمە کۆتایی گەشتەکەم، بە دوای چارەنووسێکی گەورەدا دەگەڕام و دڵنیاشم ئێوەش لەکاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبە دەتانەوێ وەك من بگەنە کۆتایی و بەردەوام دەبن لە خوێندنەوەی، بەکەمتر لەو کاتەی من نوسیوومە دەگەنە ئەنجام و کۆتایی، ئەمەی باسی دەکەم روداوێکی راستەقینەی ژیانمە لە ٢٢ و ٢٣ی تەمموزی ئەمساڵ بووە.

**گەشتنامە ـ ٢٠١٩**

هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
هۆبەی سپاردنی کتێب

اقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الثقافة والشباب
المديرية العامة للمكتبات العامة
شعبة ايداع الكتب

Kurdistan Regional – Iraq / Council of Ministers
Ministry of Culture & Youth – G.D. of Public Libraries

ژمارە: [illegible]
رۆژ [illegible] /گەلارێزان/٢٧١٩ کوردی

العدد:
التاريخ ٢ / ١١ / ٢٠١٩

بۆ/ چاپخانەی سەنگەر لە پارێزگای هەولێر
ب/ ژمارەی سپاردن

بەپێی یاسای چاپەمەنی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣
ژمارەی سپاردنی ساڵی ٢٠١٩ درا بەم کتێبەی کە لە خوارەوە ناوی هاتووە لە چاپخانەکەتان چاپ بکرێت بە تیراژی (١٠٠٠) دانە بۆ کتێبەکە، بە مەرجێک (٥) دانە بۆ بەشی سپاردن ڕەوانە بکەن.

لەگەڵ ڕێزماندا....

| ژمارە | ناوی کتێب | نووسەر/وەرگێرانی | بابەت | ژ سپاردن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بیانکوژن | ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی | سیاسی | ٢٤٨١ |

سەرباز جەوهەر محمد
ج/بەڕێوەبەری گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
٢٠١٩/١١/ ٥

ژمارەی سپاردن
G.D of Public libraries

تێبینی:
١-نووسراوی سەرەوە، دەقەکەی لە پەڕەی دووەمی کتێبەکە وەکو خۆی دادەنرێت، بەشێوەی سکان.
٢-هەرچاپخانەیەک پابەند نەبێت بەناردنەوەی (٥)دانە لە کتێبەکە، جارێکی تر ژمارەی سپاردنی نادرێتێ.


وێنەیەک:
-کارگێری خۆیەتی
-هەڵگرتن
-خولاو

هەرێمی کوردستانی عێراق – هەولێر – شەقامی کوردستان – پشت وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
اقليم كوردستان العراق – أربيل – شارع كوردستان – خلف وزارة الثقافة و الشباب
library.kurdistan@yahoo.com
Iraq - KRG – Erbil – Behind MOCY

تێبینی: لیژنەی هەڵسەنگاندن لەوەزارەتی رۆشنبیری‌و لاوان/بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ناوەرۆك و بابەتی کتێبەکەمانی بە (بابەتی - سیاسی- لەقەلەم داوە) بەڵام من کتێبەکەم بەدیدگایەکی (کۆمەڵناسیانە) لە چوارچێوەیەکی "مێژوویی و دیکۆمێنتاری و نەتەوەیی" نوسیووە، نەك بەدیدگایەکی (سیاسی) یەوە.

**ناسنامەی کتێب**

ناوی کتێب: بیانکوژن
نووسین: ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
بابەت: گەشتنامە - سۆسیۆلوجی و مێژوویی و دیکۆمێنتاری
تایپ: ڕێزان ساڵح بارزانی و نووسەر
هەڵەچنین: ڕێزان ساڵح بارزانی و نووسەر
هێلکاری و نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ: نووسەر
ساڵی چاپ: ٢٠١٩
چاپ: چاپی یەکەم
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی: سەنگەر
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان - هەرێمی کوردستان - ژمارە سپاردنی (٢٤٨١)ی ساڵی (٢٠١٩)ی پێدراوە.
شوێنی نووسین: - هەرێمی کوردستان - دەڤەری بارزان.



کاتژمێر ٣:٣٠ سێ و نیوی پاشنیوەڕوو بوو، زەنگی تەلەفونەکەم لێداو کاك فوادی هاوڕێ و هاوپیشەم بوو، دوای سڵاو وتی: ڕێبوار وێنەیەك لە ناسنامەکەت بگرە و بۆمی ڕەوانە بکە بەیانی دەچینە سەماوە وتم: بۆ هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکانە وتی: بەڵێ، هەرچەند من ئامادەکاریم کردبوو بۆ سەفەرێکی دەرەوەی وڵات بەمەبەستی چارەسەری تەندروستیم بەڵام بێ بیرکردنەوە سەفەرەکەم دواخست و ئەمەیانم پێ زۆر بەلاوە گرنگتر بوو، وێنەی ناسنامەکەمم بۆی نارد لە ڕێگەی ئینتەرینتەوە، دوای نیو سەعاتێك کاك فواد تەلەفونی کردەوە وتی: بەداخەوە فرۆکە پڕ بووە سەرنشینەکانی کامڵن و جێگای ئێمەی نیە، دواتر بڕیارماندا بەئۆتومبێلی تاکسی جۆری (شۆفرلێت تاهو) بچین.

ئۆتومبێلەکان بەکرێ گیران (٤) ئۆتومبێلی (شۆفرلێت تاهو) بوون.

بەرنامەو پلانی گەشتەکەمان دانا، ڕۆژی دواتر کاتژمێر ١٠ی بەیانی لە بەردەم وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی

هەرێمی کوردستان کۆ دەبینەوە بەرەوە سەماوە بەرێ دەکەوین، لە ٢٢ی تەمموزی ٢٠١٩ من بەیانی زوو لە بارزانەوە بە ڕێکەوتم و لە شوێنی دیاریکراو ئامادەبووین و بەرەو سەماوەی باشووری عێراق ڕێگامان گرتەبەر.

دوای کەمتر لە کاتژمێریك کەم کەم جوانیەکانی هەولێری پایتەخت و ئەو باڵاخانە بەرز و نوێ و مودێرنانە و ئەو پارك و سەوزاییە کەم دەبوونەوە، بازگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان تەواو بوون، گەیشتین بە یەکەم بازگەی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق لە نزیك شارۆچکەی پردێ، ئاسەواری جەنگەکەی نێوان پێشمەرگە و حەشدی شەعبی بەروونی لەم شاروچکەیە مابوو زۆربەی دیوارەکان دارمان و شوێنی گوڵلە و پاشماوەی ئۆتومبێلە سەربازییە سوتێنراو و لەکارکەوتووەکان و خانووە سوتاوەکان هەر بەوێرانەیی مابوونەوە.

(( دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی شاری کەرکووک و زۆربەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستانیان داگیر کرد.
ڕۆژی ٢٠ی ئۆکتۆبەر، حەشدی شەعبی بە پاڵپشتیی هێز و میلیشیای نێودەوڵەتی، هەوڵی دا هێرش بکاتە سەر هەولێر، بەمەبەستی داگیرکردنی ئەو شارە و نەهێشتنی قەوارەی هەرێمی کوردستان.
هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان، لە شارۆچکەی پردێ ڕووبەڕووی هێرشی حەشدی شەعبی بوونەوە و توانییان هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی ئەو میلیشیایانە تێک بشکێنن.

لەو شەڕانەدا، کە دواتر بە داستانی پردێ ناسرا، پێشمەرگە توانی تانکی ئەبرامزی ئەمریکی، کە بەهێزترین تانکی جیهانە و حەشدی شەعبی بەهۆیەوە هێرشی کردە سەر کوردستان، تێک بشکێنێت، بەمەش ورەی چەکدارانی حەشدی شەعبی بە تەواوی رووخاو بە ناچاری پیلانەکانیان لەدژی کوردستان راگرت.

لە ڕۆژی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧، کەرکووک، خورماتوو و ناوچەکانی دەوروبەری کەوتنە ژێر دەستی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و هێزەکانی عێراق، دواتر هەریەك لە کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی و شێخ جەعفەر مستەفا، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و فەرماندەی یەکەی ٧٠ی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئاشکرایان کرد کە گرووپێکی نێو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەمەدا بەرپرسیارن و ڕێککەوتنی ژێربەژێریان لەگەڵ میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و هێزەکانی عێراق کردووە و بەو هۆیەوە سەدان پێشمەرگە و هاوڵاتی شەهید و بریندار بوون و نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەسیش ئاوارە بوون)).



تانکە ئەبرامزە تێکشکاوەکەی پردێ



بەپێی ئامارێک (١١٨) چەکداری حەشدی شەعبی لە شەڕەکەی پردێدا کوژران و لەو شەڕەشدا حەوت پێشمەرگەش شەهید بوون.

عەقید غازی دۆڵەمەڕی، فەرماندەیەکی پێشمەرگەیە کە لە سەنگەری بەرگریکردن لە خاکی باشووری کوردستان لە پردێ شەهید بوو.

جگە لەم فەرماندەیە شەش پێشمەرگەی دیکەش لە شەڕی حەشدی شەعبی و پێشمەرگە لە پردێ شەهیدبوون، لەو شەڕەدا حەشدی شەعبی دەیویست بەرەو قوشتەپە پێشڕەوی بکات، بەڵام پێشمەرگە بەتووندی بەرپەرچی هێرشەکەی دایەوە و جگە لە تێکشکاندنی زیاتر لە ٢٠ تانک و ئۆتۆمبێلی سەربازی، ١١٨ چەکداریان کوشتن و ١٥٠ی دیکەشیان بریندارکردن.




وێنەی شەهیدانی داستانی پردێ



هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان لە نەبەردەیەکانی داستانی پردێ

من نامەوێ باسی ١٦ی ئوکتوبەر و داستانی پردێ بکەم ئەوەی سەرەوە تەنیا روونکردنەوەیەکی کورت بوو. ئەمە باس و مەبەستی من نیە، بەڵام بە هۆی ئەوەی ئەو ئاسەوارانەی بەدرێژایی رێگایەکەمان تێبینیدەکران بەتایبەتی هێرشەکانی میلیشیای حەشدی شەعبی و تاوان و زۆلم و زۆرداریيەکانیان ...



پردێ

با درێژە بە گەشتەکەم بدەم:

لە یەکەم بازگەی پردێ ئاڵای عێراق بەرزکرابووە دیواری پالپشت و رەسیفی سەر شەقامە سەرەکییەکە و سەرەی ئۆتومبێلەکانیش دورو درێژ بوو یەك بە دوای یەکەوە، دیار بوو لەم بازگەیە لێپرسینەوە لە شوفێر و گشت سەرنشینەکان دەکەن.

ترس و تۆقین و متمانە بەخۆنەبوون و بێزاری و شەکەتی بەروخساری سەربازەکانی عێراقەوە بەزقی بەدیدەکرا.



پردێ

سەرەی ئێمە هات سەربازێك بەدەوری سەیارەکەدا سورایەوە سەیری ناوچەوانی هەمووومانی دەکرد (وەك ئەوە وابوو تاوانبارین لە سەر مێزی لێپرسینەوەین و ئەیەوێ بەزۆر بمان خاتە قسەوە، بە روخسارێکی پڕ لە ڕق و کینەوە سەیری دەکردین)و سەربازێکی تریش سەری لە پەنجەرەی ئۆتومبێلەکە هێنایە ژوورەوە، هەر چەند شوفێرەکە وتی: ئێمە وەفدێکی رەسمین و بەرەو پارێزگای سەماوە دەچین، بەڵام سەربازەکە هەر گوێشی پێنەدا و تەنانەت سەیری شوفێرەکەی نەکرد. تەنیا سەیری ناوچەوانی یەك بە یەکەمانی دەکردو دواتر بە دەنگێکی گڕەوە داوای ناسنامەی لێکردین، چوار سەرنشین بووین، ناسنامەکانمان پێدان و منیش موبایلەکەم بەدەستەوەبوو، سەربازکە بەمنی وت:" ئەوە وێنە دەگری"، وتم:"نا وێنەی چی". بۆ بە دەمەقالێمان و دواتر تێمگەیاند کە بەتەلەفون قسەم دەکرد بەڵام بۆ ڕێزگرتن لە بازگەکە تەلەفونەکەم نزم

کردەوەتەوەو قسەم نەکردووە... پاشان ڕێگەمان پێدرا و بەردەوام بووینەوە لە ڕۆیشتن، گەیشتە شاری کەرکوك و پەیکەری پێشمەرگەم بینی، بەڵام بەداخەوە دوای١٦ئوکتبەری ٢٠١٧ ئاڵای کوردستان قەدەغەکرایەوە و هێزە کوردییەکانیش بەکەمی لە کەرکوك ماونەتەوە و سەدان هەزار کەسیش ئاوارەبوونە، ئەمە جگە لە بەعەربەکردنی بەردەوام و وەدەرنانی کوردەکانی ناوچە کوردییەکانی شاری کەرکوك.



وێنەی پەیکەری پێشمەرگە ( وێنەکە بەدەم ڕێگاوە لەناو ئۆتومبێلا بە گۆشە نیگای موبایلەکەمەوە گرتوومە - بویە دیقەی کەمە).

پەیکەری پێشمەرگە بەهەمان جل و بەرگ و چەکەکەیەوە بەڵام بە داخەوە ئەو ئاڵایەی کوردستان کە لە دەستدا بوو لێکرابووە و ئاڵای عێراقی لە جێگا دانرابوو، ئەم دیمەنە زۆر ئازاری دام لە هەمان کاتیشدا پێکەنینم دەهات و گاڵتەم بەم عەقلیەتە دەهات کە ئاڵایەکەیان لێکردەوتەوە!! ئەی جل و بەرگ و چەك و پەیکەرەکە، چی لێ دەکەن.!!

کەرکوك شارێك بێ خاوەن دەهاتە بەرچاو، شەقامەکان چۆڵ و بێ دەنگ و هاتووچوی ئۆتومبێلەکان بەکەمی دەبینران و ئەوەی دەبینرا ئۆتومبێلی سەربازی و هێزەکانی عێراق بوون، بارەگای هندێك لە پارتە سیاسیەکان بەئاڵای عێراقەوە داپۆشرابوون و لەلایەن هێزی عێراقەوە داگیرکرابوون، زۆربەی خانووەکانی ناوچە کوردنشینەکان ئاسەواری گوڵلە و وێرانەیی و سوتانی پێوە مابوو، ئەمە دوای دوو ساڵ لە ڕووداوەکانی ١٦ ئۆکتوبەر.

بەردەوام بووین لە ڕێکردن و ڕۆیشتن من تێبینی و سەیری هەموو شوێنەکانم دەکرد لە جامی ئۆتومبێلەکەوە، لای ڕاست و لای چەپ و هەندێك جاریش لە شوشەی پشتەوەی ئۆتومبێلەکە سەیری دواوەم دەکردو جارجاریش لە شوشەی پێشەوە سەیری ڕۆخساری گشت مرۆڤ و تەنانەت داروبەردەکانیشم دەکرد هەموو شتێ هەر هەموو، بەڵام خێرایی ئۆتومبێلەکەمان دوای ئەوەی لە کەرکوك دەرچووین زۆر زیادی کرد هەمیشە لە سەرووی (١٢٠) کیلومەترەوە

دەچوو هەندێ جاریش لە (٢٠٠کم) تێدەپەڕی کە سەیری ڕۆخساری شوفێرەکەم کرد هەستم کرد شوفێرەکەمان جدیترە لە لێخوڕینی ئۆتومبێل و بە بەردەوامی سەیری ئەو لاو ئەم لای ڕێگایەکەی دەکرد وەك ئەوە وابوو چاوەڕێ شتێکی لەناکاو بکات، گەیشتینە دوزخورماتوو شاروچکەیەك وێران و پڕ لە ئاسەواری سوتاندن و ڕۆخاندن کە بەدەست میلشیایەکانی حەشدی شەعبیەوە ویران کرابوو، بەدگمەن خانووی تەواو دەبینران زۆربەی خانووەکان شوێنی گوڵلەیان پێوە دیار بوو، یاخۆد ئاسەواری سوتاندن.

زور بە کەمی جمۆجولی خەڵك دەبینرا لە هەندێك شوێنیش هەندێك کەس بە خاوی دوکانەکانیان نۆژەن دەکردەوە. هەر کەسێك بەم شاروچکەیەدا تێبپەڕێت بەزەقی هەست بە ئاسەوارەکانی جەنگ و دوای جەنگ و وێرانیەکان دەکات.



دوز خورماتوو

بەردەوامین لە رویشتن، بەڵام ئەوەی بێزارمان دەکات هەر چەند کیلومەترێکی کەم بازگەیەکی لێیەو لێپرسینەوەت لەگەل دەکەن، بەدرێژایی نێوان کەرکوك بۆ بەغدا کە زیاتر لە ٤ کاتژمێر بوو دەیان بازگەی لێ دانراوە، بەدرێژایی ئەم رێگایەش ئاسەواری شەر و داگیرکاری لەم ناوچە سوننە مەزهەب نشێنانە دەبینرا، کە بوماوەی سێ تا چوار ساڵ بە دەست گروپە توندڕەوەکانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)وە بوونە، تیرۆرستانی داعش لەم ناوچانە چەندین ویلایەتیان دامەزراندبوو، لە سەردەمی حوکمرانی داعشیشدا زۆربەی خەڵکی ئەم ناوچانە لەگەل ئەم رێکخراوەدابوون هەندێکیان بە ویستی خۆیانەوە بەیعەتیان بەم رێکخراوە دابوو هندێکیشیان بەناچاری، ئیتر ناوچەیەکی دوور و درێژ کە لە چەندین گوند و شارو شارۆچکە پێکدێت ڕەگ و ڕیشەیان لەم ناوچانەبووە بێگومان مەترسیشیان دەبێت. ئەو شەقامەی ئێمە پێداچووین بەرەو بەغدا لە ماوەی حوکمرانی دەوڵەتی تیرۆرستی داعش شەقامێکی داخراو بوو، سەدان ساتیر و بنکە و بازگەی داعش لە ئێستاش دا دەبینرێن بەلام وێران و رۆخاو هندێکیان بەهۆی بوردومانی فرۆکەکانی هاوپەیمانان و هێزەکانی عێراقەوە، هندێکیشیان بەهۆی هێرشی زەمینی، شەقامەکەش بەتەواوی لەکار کەوتووە هی ئەوەش نیە ئەم جمۆجۆڵەی هاتووچووی ئۆتومبیل و ئەو هەموو بارهەڵگرەکانەشی لە سەر بێت لە زۆر شوێن رێگایە جووت سایدەکە سایدێکیان لە کار کەوتووە و تێك چووە و تەنیا بە یەك ساید ئۆتومبێلی هەردوو لا هاتوو و چوویان دەکرد، نەش دەکرا لە شەقامە سەرەکیەکە لابدەین رەنگە مین و بۆمبی چێندراوی داعش مابن و مەترسی بن، ئەمە جگە لەوەی ئەو گوندانەی سەر شەقام و نزیك شەقام

زۆربەیان یان رۆلەکانیان ئەندامی ئەم رێکخراوە بوونە یان مەیلیان بۆ ئەم رێکخراوە تیرۆرستیە هەیە.

بۆیە ئۆتومبێلەکەمان هەمیشە رووپێوی خێرایی لە سەرووی (١٥٠کم)وە بوو زۆر حەزم دەکرد لە زنجیرە چیایەکانی (حەمرین) وێنە بگرم، بەڵام شوفێرەکە وتی:"ببورن ناتوانم ئۆتومبێلەکە ڕاگرم. یان ئەو سەربازگەیە یان ئەوانەی لەم بازگەیەن یان گروپە مافیایەکانی ئەم گوندە رێگریمان لێ دەکەن". ئێمەش نەمانتوانی دابەزین و وێنە بگرین، تەنانەت یەکێك لەوانەی لەگەلم بوو پێویستی بە شوێنێکی پشوودان و دەستشوور هەبوو، بەڵام شوفێرەکە وتی:" ببورە ناتوانم ئۆتومبێلەکە ڕاگرم تا نەگەمە شوێنە نیمچە ئارامەکانی نزیك بەغدا.

لەم رێگایە دوور درێژەدا بەدەیان پاشماوەی چەك و ئۆتومبێلی لەکار کەوتوو، شوێن و ئاسەواری گوللە و بوردومانی فرۆکەو خاك سوتاندن بەدیدەکرا ناوچەیەك بەتەواوی وێران و بێ خاوەن.

رەنگە من نەتوانم بەم چەند دێرە ئەو دیمەنانەی لەم رێگایەوە بینیوومە بوتان بنەخشێنم چونکە ئێمەش زۆر بەخێرایی دەرویشتین و ئەوەی بەرچاوم دەکەوت بەس وێرانەیی بوو تەنانەت دیوار و مزگەوتەکانیش روخێنرابوون و دەیان کونی گەورە و بچوك کە شوێنی گوڵلە بوون لەدیواری مزگەوتەکە دەبیران، پارك و باخچە و سەوزایی هەر نابینرێ، بیرم کردەوە بەهەمووی هەر سێ کاتژمێرێکە بەرێگاوەم بەڵام جیاوازی نێوان هەرێمی کوردستان و ئەم ناوچانەی عێراق وەك دەڵێن:(عەرز و ئاسمان) لێك جیاواز بوون. سەوزایی و بینایەی بەرز و ئۆتومبێلی دوا مودێل و دوا ساڵ و کیلومەتر سفر و پاك و

خاوێنی و رازاندنەوەی شەقامەکانی پایتەخت، هەرگیز ناتوانرێ بەراورد بکرێ لەگەل ئەم وێرانییەی نێوان کەرکوك و بەغدا.



دیمەنێك لە هەولێری پایتەخت – ئەرشیف



سوتاندن و وێرانکردن و شعارەکانی داعش ( لا اله الا الله ) و ( دولة اسلامية و باقية ) و دەیان شعاری تر هیشتان وەك خۆی ماوەن تەنیا شوێنی چەند فێشەك و گوللەیان پێوە دیارە.




دیمەنێك لە تابلو و شیعارەکانی داعش – ئەرشیف



دیمەنێك لە سەنتەری شاری بەغدا – ئەرشیف

ئەگەر من گەشتیارێکی بیانی بومایە و ئەم گەشتەم بکردایە، هەرگیز ئەوەم پێ قبوڵ نەدەکرا، کە تا ئێستاش هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عیراقی فیدرال، چونکە لە هەموو ڕۆیەکەوە زۆر جیاوازن و لەهەندێ شوێنی عێراق ئەگەر بە بەردەوامی کاری تیدا بکرێ ڕەنگە ٥٠ ساڵی تریش وەك پایتەختی هەرێمی کوردستان ئاودان و جوان نەبن.



شەقامی ١٢٠ مەتری هەولێر – ئەرشیف

بیرم دەکردەوە لەکوردستان بەبەردەوامی ڕێکلامی پیشەشازی و بیناسازی و باشترین و پڕ کوالیتی ترین سیرامیك و کاشی و بۆیە و رووپوشی خانووەکان دەکرێ، هەڵە نابم ئەگەر بلێم لە هەموو عێراق بەقەد یەك کۆمپانیای هەرێمی کوردستان ئەم شتومەکانەی بیناسازی مامەلەی پێوە ناکری و نەکراوە، لە هەولێر گۆرانکاریەکان زور خێرا و بەردەوامن، من هندێك جار کە دە ڕۆژ جارێك لە بارزانەوە سەفەر بەرەو هەولێر بکەم زۆر شت دەگۆڕێ رووپۆشی

بینایەکان و بینای نوێ و بەرز و سەوزایی و پارك و زیادبوونی پرد و ڕێگاو تونێل و شەقامی ١٢٠ و ١٥٠ مەتری. بەڵام لە عێراق مەحالە ئەمە بەدی بکرێ، زۆربەی خانووی گوندەکانی عیراق دیواری حەوشەیان نەبوو دەشتێکی وشك و ڕووت و تۆزاوی پڕ لە غوبار، ئەو کەمە دار خورمایەی دەبینران ئەوانیش ڕەنگی سەوزیان خاکی هەڵگەرابوو بەهۆی تۆز و خۆڵی بەردەوامەوە نەخاسمە بۆمن کە لەناوچەیەکی شاخاوی و کویستانی و پڕ لە سروشت و سەوزاییەوە دەژیم هەر لەماڵەوە دەردەچم بە هەزاران دار بەروو و سەوزایی شەقام و ماڵ و گردو شاخەکانی داپوشیووە. بەڵام ئەمە لەوێ بەدی ناکرێ.




گوندی بازێ – بارزان – ئەرشیف

ئەوەی زیاتر سەرنجی راکیشام و منی بردەوە بۆ تەمەنی منداڵی و ئەو گەرەکە شەعبیانەی تیدا ژیابووم لە ساڵی هەشتایەکانی سەدەی بیستەمدا وەکو (حی السعکری و حی الصدام و جیش الشعبی) بەبیر م دێت گشت خانووەکان رەنگیان رەساسی بوو هەر ئەو لەبغە بوو کە لەکاتی دروستکردنی خانووەکان بەکار دەهێنرا یان درزی دیواری بلوکەکان بە چەمەنتوو داپوشرابوو.



بەدەم رێگاوە لە گۆشە نیگای موبایلەکەمەوە رێگای نێوان کەرکوك و بەغدا

ئێستاش شارەکانی عێراق هەمان ئەو کاتانەی هەولێری هێناومەوە یاد. بەدرێژایی رێگاکە هەزاران خانوو دەبینران بەڵام هیچ خانوویەکی بویەکراویشم نەبینی، کاشی  و مەرمەر و حەلان و فنیلە و پەنەل ڕەنگە بۆ خەڵکی ئەم ناوچانە شتێکی ناموو سەیر بێت.

ئەمەی باسی دەکەم چرکە ساتی خەیاڵەکانی منە کە لە جامی شوشەی ئۆتومبێلەکەوە بەو خێرایی رویشتنە بیرم لێ دەکردەوە،

ناوە ناوەش لەناکاو بەم تیژ لێخورینە ئۆتومبێلەکە لەناکاو هیواش دەبوو دەوەستا دەمزانی بازگەیەکی ترە، ئیتر دەبێ لە خەیاڵ و بیرکردنەوەکانم بوەستم و خۆم ئامادە بکەم و ڕێك دانیشم و پاڵنەکەوم ئەگەر نا سەربازەکانی بازگەکە لێپرسینەوەم لەگەل دەکەن.



نزیك یەكێك لە بازگەكان، بەرەو بەغدا – دەروازەی سەرەكی

دیسانەوە بەردەوامین لە رویشتن و نزیك دەبینەوە لە دەروازەی سەرەکی بەغدا.



کە لە دەروازەی بەغدا دەچیتە ژوورەوە بەبەردەوامی ئەم گردوڵکە زبل و خاشاکانە دەبینی لە جیاتی گوڵ و گوڵزار و نەمام.

چیم بینی و چیم تێبینی کرد لە پایتەختی عێراق:

توت توت تیك توت  تیت تیت توت...

توت توت تیك توت تیت تیت توت...

بەراستی ئەم ژاوە ژاوە مێشکی بردم خەریك بوو سەرم بتەقێت بەهۆی ئەم توتە توتە و تیتە تیتی ئۆتومبێلەکانی ناو پایتەختی عێراق. راست برۆ خوار برۆ بەم لاو بەو لاو بە دەستە چەپ و بە دەستە

ڕاست، ئیتر بۆ هەر ئاراستەیەك بتەوێ ئۆتومبێلەکە لێخورە ... شار بێ حاکمە... کاکی شوفێر.




ناو شاری بەغدا

تاکیسەکان لە جۆری مارکیەکی ئیرانی بوون لە شێوازی لادەی سالی هەشتایەکان، گەر هەڵە نەبم گریبەست لە گەل ولاتی ئێران کراوە بۆ دروستکردنی ئەم تاکسیە ناشرین و بێ کەلکانە، ئێمەش لە کوردستان لە باشترین مارکەی جیهانی لە جۆری تویتا تاکسیمان بۆ دروستکراووە هەر ئەلێن خراپە و بێ کەلکە.

با بچینە سەر شارە حەیاتەکە کە بەغدایە، لەم سەری شار بۆ ئەو سەری شار ڕۆیشتین چونکە تاکە ڕێگا بوو پێدا بچین بەرەو سەماوە زۆر بە دگمەن لەم شارە پۆلیسی هاتووچووم بینی، بەڵام هەمەری سەربازی و جۆرەها ئۆتومبێلی تری سەربازی لە هەر کۆچەیەکی ئەم

شارە پیس و پۆخلە بوونی هەبوو (بی کەی سی) و (دۆشکە) و (قازیفە) و (مدرعە)و دەیان چەك و جبەخانەی تر لەم لاو لەولای شەقەماکان دانراون. پیسی و چەپەلی شارو کۆنی بینایەکان و بەردەرگاو شەقامەکان و ئەو تۆزو لمەی سەر شوستەکانە مەگەر باران بە رەحمەتی خۆی بباریێ و پاکی کاتەوە، ئەگەر نا بەتەمای ئەوە نەبن پاككەروەیان هەبێت، ئەمەش پایتەختی عیراق، بروا بکەن دیسانەوە ساڵانی کۆتایی هەشتایەکانی هەولێری بە بیر هێنامەوە.

هەر چوار ریانیك لە لایەن وێنەی سەرکردەیەکی زیندووە داگیر کراوە بازگەیەکیش لە شەقامەکە دانراوە ئەم کۆچە و شەقام و گەرەکە هی ئەم سەرکردەیە بەناوی خۆی کردووەوە چونکە ماڵێ لە وێیە، ئینجا ئاڵاو شیعاری جۆرا و جۆر.

دەیان میلیشیا بەرچاو دەکەوێت ئیتر خۆ ئەگەر دەستگیرت بکەن ئەوا خودا نەبێ کەس نازانێ لە کوێ لە سوراخت بپرسن. لە هەمووی سەیرتر شوفێرەکە ڤیدیویەکی پشاندام کە تازییەی سەرۆك هۆز و شێخە عەشایرەکانی ئەم شارە بوو، ئەگەر یەکێك لە شێخەکانیان بمرێت ئەوا لە سەرانسەری عێراقی سەروك عەشیرەتەکان بە کەژاوەی ئۆتومبێلەکان بە توتە توت و تیتە تیت دەچنە ماڵی خاوەن تازییەو لە بەردەرگا رووی چەکەکانیان دەکەنە ئاسمان و تەقە دەکەن و شعر و لاوانەوانە بە مردووەکە دەڵێن.. بەراستی شار و پایتەخت بێ خاوەن و بێ حاکمە...

ئەمە یەکەمجار نیە ئەم شارە ببینم بەڵام یەکەمجارە بە دیدگایەکی کۆمەڵناسانە سەیری ئەم شارە دەکەم.



وێنەکە دەنگی نیە ئەگەر نا وەك من بێزار دەبوون لە هورنی توتە توتی ئۆتومبێلەکان

نزیکەی کاتژمێریکی پێ چوو تا گەیشتینە ئەو سەری بەغدا، لەم شارەش دەرچووین، هەستم کرد شوفێرەکەمان کەمێك ئارامتر بووە هەم لە لێخورینی ئۆتومبێلەکە و هەم لەو چاوچاوێنەی بەم لاو بەو لایدا دەیکرد سەرەرای لێخورینی ئۆتومبێلەکە.

ئەمجارەیان ناوچەیەکی ترە و زیاتر لە سێ کاتژمێری تری پێویستە تا دەگەینە سەماوە بەڵام ئەمانە عەرەبی شیعە مەزهەبن و ئەیانەوێ ڕووی خۆیان وا نیشان بدەن کە لە ولاتێکی ئامان و ئارامدان، چونکە حومکرانی بەدەست ئەوانەوەیە، منیش هەستم کرد کە کەمێك

ئارامترە لە ناوچە سونە نشێنەکان چونکە تا گەیشتە سەماوە هەر دوو تا سێ بازگەمان بینی و لێپرسینەوەشیان وەك ئەوانی تر توند و تۆل و بێزار کەر نەبوو، رۆخساریشان گەشبینتر و بەئومێد تر بوو لە خەڵکی ناوچەکانی نێوان کەرکوك بۆ بەغدا.

لە شوێنێك لاماندا و ئۆتومبێلە تاهویەکانی تریش کە چوار ئۆتومبێل بۆین وەستاین و پشوویەکی ١٠ خولەکیمان دا ویستم شەربەتێکی فریشی میوە بخۆمەوە کە لە سەر عەرەبانەیەك دانرابوو بەڵام تێبینیم کرد کابرای شەربەت فرۆش دەستە ڕەشەکانی بە بێ پەنجەوانە، دەخاتە نێو بەفرەکەو بە ئارەزوی خۆی دەیکاتە ناو پەرداخەکە و دواتریش شەکرو ئاوی تێدەکات، بەلای منەوە زۆر نا تەندروست بوو، بۆیە من ئەو شەربەتەم نەویست و هەر وتم با کوکا کولایەك بێت، لەگە ل بسکویتێك خواردم و خواردمەوە.

دوای ١٠ خولەکەکە دیسان بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن و خەریکیشە دونیا تاریك دەبێت و مغریب دا دێت حەزم دەکرد ڕۆژ ئاوا نەبێ نەك لە بەر ئەوەی ترس ئێمەی داگرتبێ بەڵکو لە بەر ئەوەی زیاتر بەدیگایەکی کۆمەڵناسیانە سەیری ئەم ناوچانە بکەم و بەروادی بکەم لەگەل ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی عەرەبی سونە مەزهەب، بەڵام ئیتر خو بۆ ئەم بەراوردکاریەم تەنیا یەك شارو یەك گوندیش بەس بوو چونکە عێراق (هەرێمی کوردستان لێ دەربچی) شوێنەکانی تر هەمووی وەك یەکن، ئەمجارەیان ئەوەی زیاتر بەچاوم دەکەوت بیابان و گردولکەی خوێ بوون نازانم ئەم خوێیە بوچی لە رووخ شەقامە سەرکیەکە کۆکرابونەوە رەنگە بۆ مەبەستی بازرگانی بوو بێت.

شەقامەکان کەمێك باشتر لە شەقامی ناوچە عەرەبە سوننە مەزهەبەکان و ئارامتریش دەهاتە بەرچاو.

بەڵام لەم دیو لەو دیوی شەقامەکەیا لە زۆربەی شوێنەکان چەند مەتریك دوورتر لەشەقامی سەرەکی هەمووی تەلەبەند کرابوون.



وێنەیەکی تەلبەندەکەی دەرەوەی شارەکانی ناوەراست باشووری عێراق

دوای ماویەکی زۆر لە رویشتن تابلویەکم پێش چاو کەوت، (با ئەوەشمان لە یادبێ لە زۆربەی شوێنەکان و شەقامە سەرەکیەکان تابلوی هاتووچووی لێ نیەو نازانرێ ئەم ناوچەیە کوێیە و بۆ کوێ دەچێت و چەند کیلومەترە زۆر بەکەمی ئەم تابلویانە هەڵواسراون).

وەك باسم كرد تابلويەكم بەرچاو كەوت كە زۆر ئازاری دام لە سەری نوسرابوو (ديوانيە ).




لەكاتی گەڕانەوە وێنەكە گیراوە

با كەمێك بگەڕێمە بۆ دواوە و باس لە مێژووی خانەوادەكەم بكەم لە گەل ئەم تابلۆیە.

ساڵ: ١٩٧٥

سەردەم: سەردەمی حوكمرانی حزبی بەعسی عێراقی

سەركردە: ئەحمەد حەسەن بەكر - صدام حسين

پروسە: ڕاگواستن

شوێنی بۆی ڕاگوێزراو: دیوانیەی باشووری عێراق

قوربانیەکان: بارزانیە ئاژەڵدار و جوتیار و گوندنشینەکان

بکەری تاوان: حکومەتی عیراق

ئەوەی سەرەوە ناسنامەیەکی زانیاری بوو لە سەر ڕاگواستنی بارزانیەکان بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق لە ساڵی ١٩٧٥.

من لێرەدا خانەوادەکەم بەنموونە دەهێنمەوە کە بەر شاڵاوی ئەم ڕاگواستنە کەوتوون.

هەردوو باپیرەم ( عبداللە یاسین مستەفا ) و ( تەیب عیسا مستەفا) و سەدان کەسی تر و هەموو گوندنشینانی گوندی بازێ سەر بەناحیەی بارزان قەزای مێرگەسور پارێزگای هەولێر. بەزۆرەملێ لە شوێنی ڕەسەنی خۆیان ڕاگوێزران بۆ ئەم بیابانە ڕووت وشکانەی دیوانیەی باشووری عێراق.

ئەوان لە زیدی خۆیان کەسانی بەرهەمهێنەرو جوتیار و ئاژەڵدار بوون بەڵام بوون بە کەسانی بەکاربەر و بێ کار، لە ناوچەیەکی کوێستانی پڕ لە دار و درەخەت و سەوزە و میوە و شاخاوی بۆ ناوچەیەکی بێ دار و بێ سەوزایی و بیابانیکی ڕووت و وشك و بێ چیا.

دایکم هەمیشە بۆم دەگێڕێتەوەو دەڵێت: (( من کچێکی گەنج بووم لەگەل باوك و خوشك و برایەکانم دەژیام لە دێیەکەمان، مەرو ماڵاتی زۆرمان هەبوو، منیش لە گەل باوکم دەچوومە بەر مەرو بزنەکان و بێری و جار جاریش شوان بووم و هاوکاری باوکمم دەکرد و ژیانمان زۆر سادە و زۆر ساکار و زۆر خۆش بوو، دور بووین لە هەموو کێشەیەك و چاومان لەبەروبووم و بەرهەمی مەرو

ماڵاتەکانمان بوو. یەکێك بووین لەوانەی لە گوندی بازێ زۆرترین سەرە ئاژەڵمان هەبوو.

بەهۆی ئەوەی هەر لە تەمەنی منداڵیمەوە ئاشنای دەنگی فرۆکە و توپ و بوردومانی بەردەوام بووین، قەد ترسمان لە فرۆکە نەدەکرد و هەمیشە فرۆکەکان بە سەر سەرمانەوە بوون هەنێ جاریش بوردومانیان دەکردین، رامان دەکردە ئەشکەوتەکان و لەوێ دەماینەوە بە مەرو ماڵاتەوە.

حکومەتی عێراقیش ئێمەی لەگشت خزمەتگوزارییەکان بێ بەشکردبوو، خوێندن و نەخۆشخانە و هۆشیاری کۆمەڵایەتی و سەرژمێریەکان زۆر بەکەمی گوندەکەی ئێمەی دەگرتەوە، بەتایبەت لە تەمەنی منداڵێم و لەشۆرشی ئەیلوول قوتابخانە نەبوون بەهۆی شەڕی نێوان هێزەکانی پێشمەرگەو حکومەتی ئەوکاتی عێراق، بۆیە نەمتوانی بخوێنم و هەمیشە هاوکاری باوکمم دەکرد.

لە پایزی ساڵی ١٩٧٥ ڕۆژێکیان بینیمان چوار دەوری گوندەکەمان بە ئۆتومبێلی ئیڤا و زیلی سەربازی و سەدان سەرباز دوور دراوە، نەمانزانی چیە و چی روودەدات سەرەتا ئێمەیان ناونووسکرد پاشان وتیان:"ئەبێ گوندەکە چوڵ بکەن و ئەتانگوازینەوە بۆ باشووری عێراق و مافی ئەوەشتان نیە مەڕو ماڵات لەگەڵ خۆتان بهێنن و تەنیا چەند شتومەکێکی کەم نەبێ"، من زۆر خەمی کاربزنەکانم بوو چونکە زۆرم خۆشدەویستن و هەمیشە چاودێریم دەکردن و بەخێوم دەکردن، باوکیشم ئەو ساڵانەی دوایی و دوای شۆرشی ئەیلوول و کەمبوونەوەی شەڕو کەمبوونەوەی چالاکی و جمۆجۆڵی هێزەکانی پێشمەرگە، پیشەی سەرەکی کردەوە ئاژەڵداری و بە شوانیەوە

سەرقال بوو زۆریش دڵخۆش بوو بەم کارەی ئەویش وەك من زۆر دڵگران بوو کە ئەو هەموو سەرە ئاژەڵەی بەژماردن نایەت(بەهەزاران سەرە ئاژڵمان هەبوو)، هەمووومان بەجێهیشت و بەرەو بیابانەکانی باشووری عێراق لە پشتەوەی ئۆتومبێلی جۆری زیلی سەربازییەوە دایاننناین و بردیانین، من لە ریگا دوورو درێژەکە، هەمیشە خەمی گوندەکەم و ئاژەڵەکان و کانیاوەکەی گوندی بازێم بوو.



چرکەساتی ڕاگواستنی بارزانیەکان بۆ دیوانیەی باشووری عێراق – ئەرشیف

"دایکیشم وەك من لەم رێگایە دوور و درێژە لە بیرکردنەوەی بەردەوام دابووە وەك من بیریکردووتەوە چوون من بەدرێژایی ئەم رێگایە لە بارزانەوە بۆسەماوە لە بیرکردنەوە قوڵ دابووم و دایکیشم بەدرێژایی هەمان ئەو رێگایەی من پێداچووم لە بیرکردنەوەی لە

دەستدانی خاك و ماڵ و بیستان و مەڕ و ماڵاتەکەیدابووە. ئەوان لە پشتەوەی ئۆتومبێلی گەورە و بەبێ هیچ ئامێرێکی فێنك کردنەوە و گەرمکردنەوە ئێمەش لە خۆشترین و باشترین جۆری ئۆتومبێل بەڵام شەکەت و بێزار بووین لەم ڕێگایە دوورو درێژە سەرەرای ئەوەی ئێمە بەحەزی خۆمان و بۆ کارێکی مەزن دەچووین و دایکم و خانەوادەکەیشی بەزۆرەملێ و ناچاری بەرەو چارەنووسێکی نادیار ".

با درێژە بە سەرگوزشتە و گێرانەوەکانی دایکم بدەم کە بە بەرداوەمی چی بۆ گێراومەتەوە چی بۆم باسکردووە لە کاتی ڕاگواستنیان بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق.

دایکم دەیگوت بە شەقامی سەرەکی کەرکوك بەرەو بەغدا و دواتریش بەرەو دیوانیە رۆیشتین و قافلەی ئۆتومبێلەکان زۆر دورودرێژ بوو هەمووومان خەڵکی ڕاگوێزراوی بارزان بووین، لەم رێگایە لە هندێ شوێنی نزیك بەغدا خەڵکەکە هاتنە سەر شەقامی سەرەکی و بە بەرد و دار و هێلکە و تەماتەیان تێدەگرتین و بەزمانی خۆیان بێرێزی و سوکایەتیان پێ دەکردین...

ئێمە هەر بەردەوامین لە رۆیشتن... تا گەیشتینە بیابانەکانی ناوەراست و باشووری عێراق و لە قادسیە (دیوانیە)و قەزای عەفەك و قەزای هەمزەو چەند ناحیەیەکی وەکو ئەلب دێر و فوار و نفر و عەفەك ئۆردووگا تایبەتیەکانی ژمارە ( ١ و ٢ و ٣ ...) دابەش کراین.

بارزانیە لادێنشینەکان ڕاگوێزران بۆ ئەم ئۆردووگایانەو ناوچە ڕەسەنەکانیشیان وێرانکران و سەرچاوە و کانیاوەکانیان بە (TNT) تەقاندەوە و بەروبووم و بەرهەمەکشتۆکاڵیەکانیان لە ناوبردو سیاسەتی خاك سۆتاندنیشیان پەیرەوکرد، بارزانیش بەناوچەی قەدەغەکراو لە قەڵەم درا، رووبەرێکی زۆری کوردستان لە مرۆڤ و ئاژەڵ داماڵراو و ئەم ناوچانە لە هەموو چالاکی و جمۆجۆڵی کشتۆکالی و ئابووری وەستێنران، دانیشتووانیشی بەزۆر ڕاگوێزران بۆ ئەم ئۆردووگایانە کە خراپترین و بێکەڵکترین شوێنی سەر رووی ئەم زەمینە بوون، بە تەواوی پێچەوانەی پێکهاتەی سروشتی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کۆلتووری شێوازی ژیانی لادێنشینەکانی بارزان بوو.



بارزان–دوای ڕاگواستنی خەڵکەکەی بۆبیابانەکانی باشووری عێراق–ئەرشیف

دایکم لە یاداشتەکانیدا دەڵێت و دەگێڕێتەوە:

((ئێمەیان لە لادێ و ناوچەیەکی شاخاوییەوە بردە بیابانێك لە باشووری عێراق، ئاو و هەوای بەتەواوی پێچەوانەی ئاو و هەوای لادێیەکەمان بوو، خانووەکان دوو هۆبەی بچوك بوون، دەبوایە خۆمان نزم بکردایەو پاشان چوباینە ژوورەوە، چونکە زۆر نزم بوون دەرگای دار و ئاسن نەبوو پەنجەرەیان شووشە نەبوو، بەتانیمان لە دەرگادابوو لایلونمان لە پەنجەرەکاندابوو سەری خانووەکان بەحەسیلەو دار داپوشرابوو، ئاوەکەشی پیس بوو خەڵکێکی زۆریش لەم بیانە دەمردن، بەتایبەتی ئافرەت و منداڵ بەهۆی ئەو ئاو و هەوایە پیسە نەخۆشی و پەتا لە نێو ئێمەدا بڵاوبووە، وەرزەکان هەموو وەك یەك گەرماو تۆزاوی بوون، بەراستی زیندان بوون! زیندان...!.



ساتی گەیشتنی بارزانیەکان بۆ ئۆردووگایەکی زۆرەملێ لە بیابانەکانی باشووری عێراق – ئەرشیف

کۆنترۆلی ئۆردووگاکان کرابوو چونە دەرەوە بە مۆڵەت بوو دەبوایە مۆڵەت لە بنکە سەربازییەکە وەرگیرابوایە.


لەم بیابانەدا بە عەرەبی پێیان دەگۆتین (شوێنی ئێوە ئێرەیە، بمرن و بژین هەتا هەتایە).

تۆز و غۆبارێکی زۆر بوو هەندێك جار گردوڵکەیەکی گەورە بەم تۆزە دروست دبوو دواتر نەدەما، هیچ گژوگیا نەبوو بیابانێکی وشك بوو... ئاوەکەی ئاژەڵی تۆپیوی پێدا دەهات، بەڵام ناچاربووین بیخۆینەوە ئەگەر نا لە تێنوێتیا دەمردین، بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستاین لێومان تامی سوێر دەبوو روخسارمان تۆزاوی هەڵدەگەرا.



یەکێك لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی باشووری عێراق

دوای دوو ساڵ لەو ئازار و نەهامەتیانەی چەشتمان لە بیابانەکان، دواتر کەمێك ئازادتر بووین و هەر لە م بیابانە من شووم کرد و بەشێوەیەکی زۆر سادە و بە بێ ئەوەی بە زمان و شێوازی خۆمان ئاهەنگ بگێرین و گۆرانی بڵێن.



لە بیابانەکانی باشووری عێراق – دیوانیە

هەموو شتێك لەم ئۆردووگایانە جیاواز بوو، هندێك لە کەسوکارمان بەر لە ڕاگواستن و هەر لە ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی وڵاتی ئیران ببوون، زوو زوو باوکی ڕێبوار نامەی بۆ کەسوکاری دەنارد لە ئەحواڵیانی دەپرسی و دەیگوت:" من هاوسەرگیریم کردووە و نازانم ئێوەش هاوسەرگیریتان کردووە و منداڵتان هەیە یاخۆد نا"، برایەکی هاوسەریشم ئاوارەی وڵاتی ئێران ببوو.



یەکێك لە ئۆردووگا زۆرەملێیەکانی دیوانیەی باشووری عێراق

بۆماوەی پێنج ساڵ لەم ئۆردووگایە زۆرەملیانە بووین دواتر دووبارە بەزۆرەملێ ڕاگوێزراینەوە بۆ دەوروبەری هەولێر و لە دەشتی قوشتەپە و ئۆردووگایەکی تایبەتمان بۆ دروست کرا بە ناوی ئۆردووگای (قودس) هەر لەوێش هاوسەر و باوکم و دووبرام و خەزورم و شوبرام و زیاتر لە ١٥٠ کەس لە خانەوادە و گوندەکەم لە

گەڵ هەشت هەزار مرۆڤی بارزانی لەساڵی ١٩٨٣ جینۆسایدکران، من ئەوکات کەم تەمەن بووم و هاوسەرەکەشم تەمەنی تەنیا ٢٠ ساڵ بوو، منداڵەکانیشم یەکێکیان لەئۆردووگا زورەملێیەکانی بیابانەکانی باشووری عێراق لە دایکبوو، کچەکەی تریشم لە ئۆردووگای قودس لە قوشتەپەو کورەکەم رێبواریش لە ئۆردووگای قودس لە قوشتەپە لە دایبکووە.

کاتێك هاوسەرەکەم دەستگیرکرا، ڕێبواری کورڕم تەمەنی کەمتر لە ساڵێك بوو، ئەوکات باوکی ڕێبوار قوتابی دواقۆناغی ئامادەیی پەرستیاری بوو دەیویست بچێتە خولی مەشقی هاوێنە گۆرەویەکی لەپێ کردبوو فریای ئەوە نەکەوت گۆرەویەکەی تری لە پێ بکات سەربازەکان زۆر بێ حورمەتانە دایانە بەر قونداغە تفەنگ و بردیان دوو جار ئاورێ دایەوەو ویستی شتێکمان پێ بلێ چونکە ئەوکات ڕێبوار منداڵی ساوا بوو لە باوەشم بوو بەڵام دەرفەت بە باوکی ڕێبوار نەدرا قسە بکات و بردیان و نەماندۆزینەوە دواتر لە گۆڕەبەکۆمەڵەکاندا ئێسك و جل و بەرگی بارزانیەکان دۆزرانەوە...))



من ( ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی )



دایکم ( ئاسیا تەیب عیسی ) لە سەر گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان



گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان - بارزان

با ئێمەش بەردەوام بین لە سەر گێرانەوەی گەشتەکەمان ئەوەی لە سەرەوە باسمکرد لەو چرکە ساتەوە هەموویم هاتەوە یاد کاتێك بەبەردەوامی ڕۆژانە دایکم باسی باشووری عێراق و دیوانیە دەکات و باسی نەهامەتی و دەردەسەری ئێش و ئازارەکانی ئەم ئۆردووگایانەم بۆ دەگێریتەوە، بۆیە بە بینی ئەو تابلۆیەی لە سەری نوسرابوو (دیوانیە) منیش ئەو یادگارییە تاڵانەی دایکمم هاتەوە یاد.



کۆچ و کۆچباری بارزانیەکان بۆ بیابانەکانی باشووری عێراق لە دیوانیە و دەوروبەری

لە دیوانیەش تێپەڕین و بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن...

دونیا تاریکی کرد و بەڵام ناوە ناوە لە دوورەوە هندێك ڕووناکی کەم دەبینران بێگومان ئەمانەش گوندەکانی دەوروبەری ئەم ناوچەیە بوون.



کاتێك لە دیوانیە تێپەڕین یەکێك لە ئۆتومبێلەکەمان لەکار کەوت، بەڵام دوای کاتژمێرێك دووبارە توانیمان بەرێبکەوینە

دوای لەکارکەوتنی ئۆتومبێلێکمان پاش کاتژمێریك دووبارە دەستمان کردەوە بەرۆیشتن و بەردەوام بووین... کاك فواد بەرێوەبەری ڕاگەیاندنی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لەگەلمان بوو لە ناو یەك ئۆتومبێل بووین،

هەر لە بەغداوە کە دەهاتین وتم:" کاك فواد هەماهەنگی کراوە؟" وتی:" بەڵێ بەڵێ هەر لە دەروازەی سەماوە (نەجدە) دێن بەدوامانەوە دەمانبەنە شوێنی پشوودان، وتم:"زۆر باشە بەڵام دڵنیایت". وتی:"بەڵی بەرەسمی ئاگاداریان کردوینەتەوە کە هەر لە دەروازەی سەماوە بە (نەجدە) پێشوازیتان لێ دەکەین"، منیش چاوەڕێی بووم بگەینە دەروازەی سەماوە کەژاوەی ئۆتومبێلەکانی هێزی فریاکەوتنی ئەم شارە ببینین، بیرمدەکردەوە ئەمەشیان گونجاوە بۆ گەشتنامەکە، وێنەیەکی ئەو ئۆتومبێلانە بگرم کە لەپێش و پاشی ئۆتومبێلەکانی ئێمەوە دێن و دەچن و فەرارەی گلۆپە سۆر و زەرد و سەوزەکانیان دەوروبەری شەقەمەکە ڕەنگاو ڕەنگ دەکەن و لە بەرخۆمەوە دەمگوت ئەم وێنەیە چۆن بگرم، دەستم لە جامەکە بێنمە دەرەوە تاکو جوانتر دیار بن و گرتەیی ڤیدیویش دەگرم و دەنگی ( نەجدە )کانیش خۆشە بە قەولی جماعەت وتەنی. لەم بیرکردنەوانەدابووم گەیشتین بە یەکەم بازگەو دەروازەی سەماوە، بازگەیەکی تاریك بە گلۆپ ڕووناکیان بۆ دانابوو، هی وەك لای خۆمان نەبوو کە بە جۆرەها بلاجکتۆری مودێرن ڕووناکی ببەخشن بەم ناوە و بەم شەقامە، من وام زانی جاری ماومانە بگەین بە سەماوە چونکە وام پێشبینی کردبوو کە هەر لە دوورەوە گلۆپە ڕەنگاو ڕەنگەکانی ئۆتومبێلەکانی هێزی پۆلیسی فریاکەوتن ( نەجدە ) و دەنگەکانی دەبیستین و دەبینین...

لە بازگەکە چەند دەقەیەك وەستاین ئەو نەجدانەش هەر نەهاتن، وتم:"کاك فواد کوانێ نەجدەکان؟!". ئەویش دلگرابوو وتی:"بەداخەوە بۆیان وادەیان دابوو پێشوازیمان بکەن بەڵام کەس دیار نیە". بەهەرحال نە (نەجدە) هەبوو نە فەرارە و نە دەنگەکەی

و نە پێشوازییە گەرمەکەیان و نە منیش ئەو وێنەیەم گرت کە بیرم لێدەکردەوە. (ئەم ئومێدەشم وەکو دەیان ئومێدی تری ئەو ڕۆژە و ئەو گەشتەم نەهاتە دی، ئەمە عێراقە بەدەیان ئومێد و هێوا مەگەر بە موعجیزە ئومێدێکت بێتە دی)، ئەم بازگەیەی سەماوەش وەك دەسپێکی گەیشتنمان بە یەکەم بازگەی عێراق کە بازگەکەی پردێ بوو بە بێ کەسی و بێ هێزی و بێ دەسەڵاتی ڕێمان گرتەبەر. خۆمان و ڕووناکیە کزەکەی ئۆتومبێلەکانمان لەگەڵ ئەو ڕووناکیە کەمەی شاری سەماوە لە ڕۆیشتن بەردەوام بووین، هەموو شاری سەماوە بە قەد یەك باڵەخانەی بەرزی هەولێر بەڕووناکییە جوان و سەرنج ڕاکیشەکەی رووپوش نەکراوە، ڕووناکی چی و گلۆپ و لێزەری ڕەنگاو ڕەنگی چی!! هیچ نەبوون، شارێك کە بەشەو بۆی دەچی هەست بە چرای مەرگ و بوونی مەرگی سەدان هەزار کورد دەکەی، (شارێك وەك ئەوە دێتە بەر چاو کە لە دوورەوە هاوار بکات و بلێ:تاوانم بەرامبەر بە ئێوە و هەزاران ڕوولەی تری کورد ئەنجامداوە شارێك چاوی شۆڕ و سەری نزم) ...

بە کاك فوادم وت:"هەست دەکەم هەماهەنگیەکە زۆر سست و لاوازە ئەگەر وا بڕوا دڵنیام شوێنی خەوتن و پشوودانیشمان دەست ناکەوێ". کاك فوادیش وەك من داخ لە دڵە بەرامبەر بەم هەماهەنگیە و بەم شارە، بۆیە بێ دەنگ بوو.

گەیشتینە سەنتەری شاری سەماوە، دیار بوو ئەو هەماهەنگیە هندێك خاڵی جێ بەجێکرابوو میوانی پارێزگاری شاری سەماوە ( ئەحمەد مەنفی ) بووین و هوتێلێکمان بۆ دەستنیشان کرابوو. (هەستم بەوە دەکرد کە پارێزگاری سەماوە چونکە لە نزیکەوە

بینیوومە خاوەن وادەو قسەی خۆیەتی بەڵام ڕەنگە دارو دەستەکەی هندێکیان وا نەبن بۆیە پێشوازیەکە سست بووە).

ئەو هوتێلەی بۆی چووین هوتێلێك بوو بە ناوی (فندق و مطعم قصر الغدیر السیاحي) وتمان زۆر هیلاکین و پێویستیمان بەپشوو و خۆ شوشتنە ئەگەر بکرێ با ژوورەکان یەك کەسی بن، بەڵام یەك کەسی چی ژوورێکی سێ کەسی بۆ پێنج کەسمان دیاریکرابوو و وتیان شوێن نیە و نەماوە. هندێك لە ڕۆژنامەنووسانیش لە یەکێك لە مزگەوتەکانی ئەم شارە شەوەکە خەوتن، چارە نیە ئەبێ قبوڵی بکەین و کلیلەکانمان وەرگرت و بەرەو ژوورەکە چووین، گەیشتینە ژوورەکە و جانتایەکانمان دانان و ئیتر نورەی خۆ شوشتنەو بە پەلە یەك لە دوای یەك چاوڕێ بووین تا هاورێیەکەی ترمان لە حەمام تەواو دەبێ و دواتر یەکێکی ترمان بچین ئاوێك بەخۆماندا بکەین، کاتیکی کەممان لە بەر دەست بوو چونکە وادەی خواردن دیاریکرابوو بێگومانیش زۆر برسیمان بوو.

بەرەو ناو بازاری شارەکە چوین بە مەبەستی نان خواردن، هوتێلەکە پێنج ئەستێرەی لەسەر دیوار و تابلۆیەکەی ریزکرابوو، بەڵام هەر بە هوتێلێکی ٣ ئەستێرەیی لای خۆمان دەچوو، خواردنگەکانیان زۆر سادەتر و کەم خزمەتگوازری تر لە هی هەولێر.

بەکۆچەو کۆڵانی شارەکەدا بەپێێ لەگەل چەند هاوکارێکمان بەرەو هوتێل دەهاتینەوە، من بە مەبەستی خوێندنەوەم بۆ کۆلتوورو شارستانیەت و داب و نەریت و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری دانیشتوانی ئەم شارە تەنانەت چاوم لە سەر بچوکترین شتی ئەم شارەش بوو و خوێندنەوەی جۆراو جۆرم بۆی دەکرد، لەزومی گۆشەنیگای

موبایلەکەمەوەش بەردەوام بووم لە وێنەگرتن و هەندێك جاریش گرتەی ڤیدیوویی، بەراستی شارێك کەم خزمەت بوو، بۆنی ئەو پاشماوانەی لە سەر شەقامەکە مرۆڤی بێزار دەکرد، شارەکەش جمۆجۆڵی ئۆتومبێلی لە دوای ١٠ی شەوەوەکە ئێمە بە پێێ دەهاتینەوە زۆر کەم بوو، دوکانەکانیش زۆربەی هەرە زۆریان داخرابوون. ئێ ئەوەشم ئەزانی کە ناکرێ چاوەڕوانی مۆڵێکی گەورەی لێ بکەم و بۆ ئەوەی ئەم کاتە کەمەی لە بەردەستمانە بتوانین سەرێك لە بازار و نرخ و شتومەك و کەلوپەکانیان بدەین.

هەروەك لە شارەکەی خۆم ئەوەندە مۆل هەن بە چەند حەفتەیەك شەوانە فریای هەموو مۆل و کافێ و سەنتەرکان ناکەوی، سەماوە زیاتر لە سەدەیەکە بەبەردەوامی شارێکە و خزمەتی دەکرێ، شارەکەی منیش لەماوەی سەدەیەکدا دەیان جار دوژمنانی کورد رووبان تێبریوەو ویستویانە وێران و خاپوری بکەن، ئەمە جگەلەوەی ماوەیەکی زۆر کەمە خۆمان وەك کوردو کوردستانی حوکمرانی ئەم شارانەی هەرێمی کوردستان دەکەین لە چاو ئەو ماوە زۆرەی حوکمرانی شاری سەماوە، بەڵام جیاوازی نێوان هەولێر و شارەکانی تر و کوردستان لەگەل سەماوە زۆر زۆرە و بەمن پێوانە ناکرێ.

بە پێیان بەردەوامین لە رۆیشتن لە ناو سەنتەری شاری سەماوە بەمەبەستی گەرانەوەمان بۆ هوتێل دوای چەند خولەکێك گەیشتتەوە شوێنی پشوودان.

بریاردرا بەیانی کاتژمێر سێ ی بەرەبەیان لە چێشتخانەی هوتێلەکە چێشت بخوین و دواتر بەرێ بکەوین بەرەو بیابانەکانی سەماوە.



شەوی ٢٢ی تەمموزی ٢٠١٩ کاتژمێر ١٠:٥٢ خولەکی شەو سەنتەری شاری سەماوە کاتێك بە پێێ بەرەوە هوتێلەکەمان

ئەگەر بپرسن بۆچی کاتژمێر سێی بەرەبەیان لە کاتێکدا لە مانگی تەممووزداین و لە رووی کاتەوە ڕۆژەکان زۆر درێژن؟

-چونکە لەوێ بەهۆی تۆز و لم و گەردەلولی بەردەوام و گەرمای زۆرەوە بەرۆژ ئەستەمە بتوانین کار بکەین.

دەبوایە بۆ کاتژمێر چوار و نیو تا پێنجی بەرەبەیان لە شوێنی مەبەست بین، بەیانیەکە کەمێك لە کاتی دیاریکراو لایدا و لە سەنتەری شاری سەماوەوە بەرەوە بیابانە وشکەکان و شوێنی دیاریکراو بەرێکەوتین نزیکەی ١٥٠ کیلومەترێ دەبوو.

بیابانێکی پان و بەرین تا چاو ئەیبینێ هەر بیابانە و بەبەردەوامی گەردلولی تۆزی بیابان هەڵئەکات.



شوشە تۆزاوییەکەی جامی ئۆتومبێلەکەمان لەکاتی هزر و خەیاڵەکانم

هەستم بەچی کرد و بیرم لە چی دەکردووە؟! دیسانەوە خۆم جامە خاکییەکەی ئۆتومبێل و هزر و خەیاڵەکانم، لە شوشە تۆزاویەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد، تا دەهات پشووم کورتر و ترس زیاتر دایدەگرتم، بەدرێژایی ڕۆژی پێشووتر نەدەترسام بەڵام ئەمرۆ زۆر جیاوازم و ترس دایگرتووم تەنانەت لە دەنگی تایەی ئۆتومبێلەکەش دەترسامەوە، بەمن بوایە بەهێواشی و بە پێێ بەسەر ئەم بیانەدا دەچووین و رێمان دەکرد، چونکە هەموو ترس و دڵەراوکێیەکەم هی ئەوە بوو، ئەبێ کێ بن و چی بن لەم گۆڕە بەکۆمەڵانەدا ئەبی ئەو شوێنەی ئێمە بەتایەی ئۆتومبێلەوە بەسەریدا دەچین گۆڕێکی تری

بەکۆمەڵ نەبێ!؟ دڵنیام ئەم بیابانە دورو درێژە هەر هەمووی پڕە لە گۆڕی بەکۆمەڵی مرۆڤی کورد.

بویە نەمدەویست بیابانەکە ئازار بدەین سەرەرای ئەوەی دەیان ساڵە ئەم بیابانە ئازارمان دەدات... هەر چەند ئەم بیابانە بێ رووحە، بەڵام زیاتر لە ٢٠٠ دوو سەد هەزار رووحی مرۆڤی کورد و کوردستانی قۆتداوە.

حەزم دەکرد بست بەبستی خاکەکە بەدەست و پەنجەکانم هەڵکوڵم، چونکە بۆ ماوەی ٣٦ساڵە بەدوای باوکی ونبوومدا دەگەڕێم لە گۆڕەبەکۆمەڵەکاندا، تا ئێستا نەمدوزیوەتەوە، سەرەرای هێنانەوەی دوو گۆڕی بەکۆمەڵی بارزانیەکان لە هەمان ئەو شوێنەی وا ئێستا من بە ئۆتومبێلەوە بەسەریدا دەرووم، گۆڕێکیان لە ساڵی ٢٠٠٥ کە روفاتی ٥٠٣ مرۆڤی بارزانی تێدابوو، گۆڕی دووەمیش لە ساڵی ٢٠١٤ کە روفاتی ٩٣مرۆڤی بارزانی تێدابوو، هیچ ناسنامە و یادگارییەکی باوکمم نەدۆزییەوە، ئەو روفاتانەش بەهەردوو قۆناغەکە ژمارەیان ٥٩٦ روفاتە هەر هەموویان بێ ناو بی ناونیشانن و پشکنینی ( دی ئێن ئەی ) بۆ ئیمەی کەسوکار و رزگاربووەکان نەکراوە، لە گۆڕستانەکەش ناوی هیچ کەسێك لە سەر کێلەکان نەنوسراووە.

بیرم دەکردەوە دەبێ باوکم لێرە بێت یان لە دامێنی چیای شیرین! دەبێ ئەمرۆ سۆراغێکی باوکم و کەسوکارم بزانم یان وەك پێشووتر بێ ئومێد دەبین!؟ دەبێ ئەو شوێنەی بۆی دەچین هیچ گۆڕێکی بەکۆمەڵی لێ بێت یاخۆد دوای کاتژمێر ١٠ی بەیانی بە بێ ئومێدی دەگەڕێنەوە!؟.




مەراسیمی هێنانەوەی روفاتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لە بیابانەکانی سەماوە بەرەو بارزان – ئەرشیف

کاتێك لە ساڵی ١٩٨٣ باوکم بۆ ئەم بیابانە هێنرا بەکام ڕێگادا بردراوە لە کوێ گوڵلە باران کراوە یاخۆد زیندەبەچاڵکراوە. ئەمانە و دەیان خەیاڵی تر و بەدڵ و دەروونێکی شلەژاو و بە ترسەوە دەمڕوانیە ئەم بیابانە.




ئەم تابلۆیەش سەگە هارو برسییەکانی نوگرە سەلمانی بیرهێنامەوە
کە رزگاربووان بە بەردەوامی باسی دەکەن.

چ وێژدانیك بوو توانی ئەو بیابانە پان و بەرینە بەخوێنی مرۆڤی کورد تێر بکات، ئەی سەگە هارو برسییەکانی نوگرە سەلمان ڕەنگە گوشتی باوکمیان خواردبێ؟! یاخۆد بە زیندوویی کرابێتە خۆراکی ئەم سەگە هارو برسیانە؟! ئەگەر وابێت تەنانەت من جلو بەرگ و ئێسکی باوکیشم نادۆزمەوە.



ڕەمەزان عبداللە یاسین - باوکی جینۆسایدکراوم

لە بیرکردنەوە مەترسیدارەکان بەردەوامم، هەرجارێ بە جۆری بیر دەکەمەوە هەنێ جاریش دەمگوت رەنگە ئەمرۆ ئێسکی باوکم بدۆزمەوە کەلوپەل و جلوبەرگەکانی بخەمە کیسێکەوەو بیکەمە پیشتمەوە بیگەرێنمەوە زیدی نیشتمان.



لەدووەم قۆناغی هێنانەوەی روفاتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لەگۆڕە بە کۆمەڵەکانی بیابانەکانی سەماوە و هێنانەوەیان بۆ زیدی نیشتمان لە بارزان. کاتێك ئەم تابوتەم خستبووە سەر شانم دواتر ئەو گوڵانەم لە سەر تابوتەکە هەڵگرتن و گوڵەکانم بەدەستەوە گرت وام هەستدەکرد ئەم گوڵانە دیاری باوکم بن و خۆی نەهاتبێت و لە بیابانەکان مابێت و تەنیا ئەم گوڵانەی بۆ ناردبم.

جار نا جارێش لەگەل خۆما دەدوام و دەمگوت ئەمانە هەمووی خەیاڵەو با کەمێکی تر سەبر بگرم دەگەم بەراستییەکان، بەڵام دیسان هزر و خەیاڵەکانم زال دەبوون و دەچوومە دونیای خەیاڵەوە لەگەل ئەو تۆزە زۆرەی لە تایەی سەیارەکانەوە هەڵدەستا، ئەم ناوی هەموو کردبووە پارچە هەورێکی خاکی، تەنانەت سەیارەکانی پێش خۆمانیش بەهۆی تۆزی ژێر تایەکانەوە لە بەر چاو ون دەبوون و نەمان دەبینین... ئەمانە و دەیان بیرکردنەوەی تر...



قافلەی ئۆتومبێلەکانمان بەرەو گۆڕە بەکۆمەڵەکان

قافلەی ئۆتومبێلەکانمان بەتێژ لێخورینێکی زۆر خێرایەوە بەردەوامن کەس بۆ کەس ناوەستی و هەر دەڕووین. بیرم دەکردەوە ئەگەر یەکێك لە ئۆتومبێلەکان لەکار بکەوێ، چیمان بەسەر دێ و کێ

بەهانامانەوە دێت، بەڵام ئەوەی کەمێك ئاسودەیی پێ دەبەخشین ئەوەبوو کە پاریزگاری سەماوە و دەزگای کاروباری شەهیدانی عێراق و چەند کەسایەتیەکیش لەپێش ئێمە بەرەوە ئەم شوێنە ڕۆیشتبوون بۆیە لە هەر چەند کیلومەترێك ئۆتومبێلی سەربازی و ئاسایش و پۆلیس بە درێژایی شەقامەکە تا شوێنی مەبەست دانرابوون.



ئۆتومبێل و سەربازە پاسەوانەکانی پارێزگار بەم شێویە بە بەردەوامی دەبینران

ئەمە کەمێك مەترسیەکانی کەم کردینەوە. بەڵام خۆ ئیتر ئەمە هەر ئەو ناوچەیەیە کە باوکم و هەردوو باپیرە و مام و هەردوو خالەکانم و سەدوو پەنجا کەس لەخانەوادە و کەسوکارم بۆی هێنراون رەنگە زۆربەی ئەوانەی ئەمرۆ دەیان بینم هەمان ئەو کەسانە بن کە باوکمیان جینۆسایدکردووە هەمان عەقلیەت و هەمان ناوچە

هەندێك جاریش پێچەوانە بیرم دەکردوە و بەخۆمم دەگوت:"نا.. نا.."! شتی وا چوون دەبێ ئەگەر وابوایە ئاگاداریان نەدەکردینەوە،کە گۆڕێکی بەکۆمەڵ هەیەو وەرن با هاوکاریتان بکەین لە هەڵدانەوەی.

مرۆڤ لە کاتی لە دەستدانی ئەم هەموو ئازیزانەی و لە چرکە ساتێکی وادا و لە شوێنکی وا بێگومان هەموو هزر و خەیاڵێك دەکات، " ئێوەی خوێنەریش حەق بەمن بدەن کە بەم جۆرە بیرم کردووتەوە، حەزدەکەم بۆ چرکەساتێك خۆتان بهێنە جێگای من بزانم ئێوە بیرکردنەوەتان چوون دەبێ."



مۆنومێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان چرکە ساتی واژۆکردنی یەکێك لە کتێبەکانم بۆ سەرۆك – لە بارزان – وێنە ئەرشیف

## چوار مانگ پێش ئەمرۆ

١٣ی ئاداری ٢٠١٩ بوو، من لە بارزان بووم ئاگادارکرامەوە: بەیانی ٢٠١٩/٣/١٤ شاندێکی تایبەت میوانت دەبن و پێشوازییان لێ بکە لەمۆنومێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان، ((من -نووسەر- بەرێوبەری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان و سەرپەرشتیاری مۆنۆمێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکانم )).

بۆ بەیانی ئامادەکارییەکانم کرد هەرچەند ڕۆژێکی تری مێژوویی بوو لە سەر مەزاری نەمران لەبارزان چونکە یادی لە دایکبوونی بارزانی نەمر (مەلا مستەفا بارزانی) یش بوو، بەڵام ئەو میوانانەش زۆر گرنگ بوون.

بۆیە من بەیانی زوو چوومە سەر مەزاری نەمران بۆ کاتژمیر ١٠ی بەیانی چوومەوە مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان، مەودای نێوان ( مەزاری نەمران ) و (گۆڕستان و مۆنومێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان)یش هەر دوو تا سێ کێلومەترە، بەڵام بەهۆی قەلەبالغی شەقەمەکە و هاتنی زۆری میوانان یەك کاتژمێر زوتر بەرەوە شوێنی مەبەست بەرێکەوتم و بێگومان پێش وەختەش فەرمانبەرانی مۆنۆمێنت لە ئامادەباشیدا بوون، گەیشتم بە مۆنۆمێنت و چاوەرێ میوانان بووم، چونکە پێیان وتبووم پارێزگاری سەماوە ( ئەحمەد مەنفی ) و شاندێکی ئەنجومەنی پارێزگای سەماوە دەێن، منیش ئەو میوانانەم بەلاوە گرنگ بوو تا باسی جینۆساید و کۆمەڵکوژی و گۆڕەبەکۆمەڵەکانیان بۆ بکەم و لە نزیکەوە جلوبەرگ و کەرستە و کەلوپەکان ببینن ئەوانەی لە گۆڕەبەکۆمەڵەکان دەرمان هێناون، لەوێ لە شوشە و جامخانەی تایبەتدا دامانناون بەبەردەوامی میوانان و مرۆڤ دوستان و کەسایەتی بالیۆز و قونسول و ڕۆژنامەنووسان و قوتابیان... هتد سەردانمان دەکەن.

چەند بەڵگەیەکیشم ئامادەکردن کە کاتی خۆی لە دەزگای ئەمن و ئیستخباراتی حکومەتی ئەوکاتی عێراق درچووبوون و باسی چۆنیەتی بردن و زیندەبەچاڵکردنی بارزانیەکان دەکەن لە بیابانەکانی سەماوە.

بەدرەفەتم بینی لەم رووە لە سوراغی باوك و کەسوکارە جینۆسایدکراوەکانمان بپرسین و داوایان لێبکەین هاوکارمان بن.

نزیك کاتژمێر ١١ی بەیانی پارێزگاری سەماوە و شاندەکەی کە هندێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای سەماوەی لەخۆ دەگرت بە یاوەری دەزگای خێرخوازی بارزانیەوە، گەیشتنە لامان و دوای بەخێرهاتن و ناساندن، لێم پرسین کە ئایا کاتیان چەندە، دیار بوو وتیان بە ئارەزووی خۆت بۆمان باس بکە، ئەوە بۆمن زۆر باش و دڵخۆشکەر بوو. (چونکە کاتم لە بەر دەست دەبێت تا بتوانم پەیام و گشت داواکارییەکانمان بگەینم).



مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لەکاتی پێشوازیکردنمان لە پارێزگاری سەماوە ئەحمەد مەنفی- ١٤ی ئاداری ٢٠١٩ - بارزان

دەستمکرد بەشروڤەکردن و باسکردنی ڕاگواستن و جۆرو قۆناغەکانی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان و ڕەمیکردن و زیندەبەچاڵکردنیان لەگۆڕەبەکۆمەڵەکانی بیابانەکانی سەماوەی باشووری عێراق، لە سەر نەخشەیەکی تایبەت و دیاری کراو کە بەزەقی ئاماژە بە پارێزگای سەماوە و بیابانەکانی دەکات و شوێنی هندێك لەگۆڕەبەکۆمەڵەکانی تێدا نیشاندراوە ئەمە سەرەرای چۆنیەتی بردن و دەستگیرکردنی بارزانیەکان.



مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لەکاتی پێشوازیکردنمان لە پارێزگاری سەماوە ئەحمەد مەنفی- ١٤ی ئاداری ٢٠١٩ - بارزان

پاشان شیکاری وێنەکانی پێش ڕاگواستن و ساتی ڕاگواستن و جینۆسایدی بارزانیەکانم کرد. زۆربەی وێنەکانیش ژیانی بارزانیەکانی لە پارێزگای دیوانیەی نزێك پارێزگای سەماوە نیشان دەدات.

هەروەها ئەو جلوبەرگانەیان بینی کە دەست و چاوی مرۆڤی بارزانیان پێگریدراوەو دواتر رەمیکران و زیندەبەچاڵکراون و ئەو فیشەك و کەرەستانەی ئەم مرۆڤە بێ تاوانانەیان پێ شەهیدکراون.



مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لەکاتی پێشوازیکردنمان لە پارێزگاری سەماوە ئەحمەد مەنفی- ١٤ی ئاداری ٢٠١٩ - بارزان

بە وردی چوومە ناو بابەت و باسەکان چونکە بۆمن ئەو شاندە زۆر گرنگ بوون کە بەوێنە و بەڵگە و کەرەستەوە تێیان بگەینم کە چیمان بەسەرهاتووە ئێستا چاوەروانی چین؟!. دواجار داوای ئەوەم لە پارێزگار کرد کە هاوکارمان بن لە هێنانەوەی روفاتەکانمان لە گۆڕەبەکۆمەڵەکانی بیابانەکانی سەماوە. وتم ئەمە گەورەترین هێواو ئومێدمانە کە بە ئێسك و کەلوپەلی قوربانیانمان شادبینەوە و گۆڕەبەکۆمەڵەکانیان بدوزینەوە و بییان گەڕێنینەوە زێدی نیشتمان.



پارێزگاری سەماوە ( ئەحمەد مەنفی) دەستی توند گوشیم و وتی:"ڕێبوار من دوێنی شەو میوانی سەرۆك بارزانی بووم وەعدەم بەجەنابی سەرۆك مسعود بارزانیش داوە و وەعد بە توش دەدەم کە گەڕامەوە سەماوە بەجدی کار لە سەر ئەم گۆڕە بەکۆمەڵانە بکەین و بییان دوزینەوە" ٢٠١٩/٣/١٤ مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان بارزان

پارێزگاری سەماوە (ئەحمەد مەنفی) دەستی توند گوشیم و وتی:"ڕێبوار من دوێنی شەو میوانی سەرۆك بارزانی بووم وەعدەم بە جەنابی سەرۆك مسعود بارزانیش داوە و وەعد بە توش دەدەم کە گەڕامەوە سەماوە بەجدی کار لە سەر ئەم گۆڕە بەکۆمەڵانە بکەین و بییان دوزینەوە". منیش زۆر دڵخۆش بووم بەو وادەو هاوکارییەی پارێزگاری سەماوە.



مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان لەکاتی پێشوازیکردنمان لە پارێزگاری سەماوە ئەحمەد مەنفی، سەیرکردنی ئەو گرتە ڤیدیویەی کە سەدام حوسین بە دەنگ و ڕەنگی خۆی لە گەڵ کۆمەڵێك مستەشار باس لە زیندەبەچاڵکردنی بارزانیەکان دەکات-وێنە ١٤ی ئاداری ٢٠١٩ بارزان.

دواتر لەگەل پارێزگاری سەماوە و شاندەکە و ئازیزانی دەزگای خێرخوازی بارزانی بەرەوە مەزاری نەمران بەڕێکەوتین...



نووسینی یاداشتێك لە لایەن پارێزگاری سەماوە لە مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان – بارزان – ٢٠١٩/٣/١٤





باشووری عێراق بیابانەکانی سەماوە، هەڵدانەوەی چەند شوێنێك کە ئەگەری ئەوەی هەبووە گۆڕی بەکۆمەڵی لێ بێت بەڵام دواتر وا دەرنەچووە و هیچ گۆڕێکی لێ نەبووە، چونکە بیابانەکە زۆربەی شوێنەکانی وەك یەکن و ناسینەوەی شوێنەکان زۆر ئەستەمە.

## ٢٣ی تەمموزی ٢٠١٩

بەردەوامین لە رۆیشتن و هەست دەکەم نزیك بووینەتەوە لەشوێنی گۆڕەبەکۆمەڵەکە چونکە لەو ناوە چەند شوێنکمان بینی هەڵدرابوونەوە بەڵام هیچ گۆڕێکی تیدانەبووە. دەبێ ئەوەش بگوترێت دوزینەوەی گۆڕی بەکۆمەڵ لەم بیابانە زۆر سەختە چونکە بەهۆی بەردەوامی گەردەلولەوە پێکهاتەی زەوییەکە

دەگۆڕێت و شوێنەکان وەك خۆی نامێنن و زۆربەی شوێنەکان وەك یەکن، هەندێك ڕۆژ گردوڵکەیەك دروست دەبێت و ڕەنگە ڕۆژانی دواتر نەمێنێ.

دیسان بەرەو قوڵایی بیابان ئەچین دەمێکە لە شەقامی سەرەکی لامانداوە ئەگەر ئەوکات بە ئیمەیان بگوتایە بگەڕێنەوە بێگومان نەمدەزانی چۆن و بەکام مەودا بگەڕینەوە بەڵام وەك وتم بەهۆی ئەو پۆلیس و ئەو ئۆتومبێلە سەربازییانەی پاسەوانی پارێزگار و شاندەکەمانی دەکرد، ئیتر دەمان زانی بەکام ئارستە برۆین.



بادیەی شێخ – بیابانەکانی سەماوە، گۆڕەبەکۆمەڵەکە ٢٣ی تەمموز ٢٠١٩

**گەیشتینە شوێنی گۆڕە بەکۆمەڵەکە**

پارێزگاری سەماوە پێش ئێمە گەیشتبوو و لەگەڵ نوێنەرانی دەزگای شەهیدانی عیراق و تیمی هەڵدانەوەی نیشتمانی گۆڕە بە کۆمەڵەکان کە لە حکومەتی عیراقی فیدرال و حکومەتی هەرێمی کوردستان پێکدێت،(ئەوەی شایانی باسە ئێمە وەکو بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان دوو فەرمانبەری ماندوو نەناسم ئەندامن لەم تیمە و لە هەڵدانەوەی چەندین گۆڕیبەکۆمەڵدا بەشدارییان کردووە، بۆ نموونە؛ گۆڕەبەکۆمەڵەکانی سەماوە و گۆڕەبەکۆمەڵەکانی شنگال لەدوای هاتنی تیرۆرستانی داعش و گوڕی بەکۆمەڵی سەعدیە و چەندین گۆڕی تری بەکۆمەڵ:

١-سەلاح جانگیر سالح ( باوکی لە گەڵ هەشت هەزار مرۆڤی بارزانی جینۆسایدکراوە) سەرەرای ئەوەی لە تیمی نیشتمانی هەڵدانەوەی گۆرەبەکۆمەڵەکاندایە. لە بەشی یاسایی بەرێوبەرایەتیەکەمان خزمەت دەکات و ماوەیەکیش لە مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان سەرەرای کارەکانی بەردەوامبووە لە خزمەتکردن.

٢-قورتاس محمدامین ابراهیم ( باوکی لە گەڵ هەشت هەزار مرۆڤی بارزانی جینۆسایدکراوە) سەرەرای ئەوەی لە تیمی نیشتمانی هەڵدانەوەی گۆرەبەکۆمەڵەکاندایە. لە بەشی خزمەتگۆزاری کۆمەڵایەتی بەرێوبەرایەتیەکەمان خزمەت دەکات. ماوەیەك لە مۆنۆمێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان سەرەرای کارەکانی بەردەوامبووە لە خزمەتکردن.



هەر دوو فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتیەکەمان(بەڕێوبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان) لە تیمی نیشتمانی هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان. سێیەم کەس بە دەستە چەپ؛ سەلام جانگیر سالح و دوای ئەویش دەستە چەپ چوارەم کەس؛ قورتاس محمدامین ابراهیم، لە کاتی هەڵدانەوەی گۆڕێکی بەکۆمەڵ لە بیابانەکانی باشووری عیراق سەماوە. ئەرشیف.

ئێمە کاتێک گەیشتە شوێنی گۆڕەبەکۆمەڵەکە لەهەمان کاتدا ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و جێگری لیژنەی کاروباری شەهیدان و جینۆسایدکراوان لە پەرلەمانی عیراق خاتوو (هەدار زیبر بارزانی) گەیشت. شایەنی باسە هەدار باوك و چەندین کەسوکاری تری لە گەل هەشت هەزار پیاوی بارزانی لە ساڵی ١٩٨٣جینۆسایدکراون.

لەگەڵ خاتوو (هەدار) پێکەوە بەرەو گۆڕەبەکۆمەڵەکە هەنگاومان دەنا، هەنگاوەکانمان سست و بێ هێز، یەکێك لە ناخۆشترین چرکە

ساتەکانی ژیانم بوو، دەبوایە هەنگاو بنێم بەرەو ئەو شوێنەی کە مەرگی دەیان رووڵەی نیشتمانی تیدایە... لەگەل هەر هەنگاونانێکم دەیان هزر بەمێشکمدا دەخۆلانەوە، باوکم و بارزانیەکانن؟! یاخۆد کوردانی تر؟! کێن و دەبێ کێبن؟!، چەندن و کەی هێنراون؟! لەم بیرکردنەوانەدا گەیشتمە سەر گۆڕەکە بەکۆمەڵەکە!!.

**!**

**...!!! لێـــــرەدا بۆ مرۆڤی کورد بۆ کوردستانیان هەموو شتێك وەستاوە، خۆشی و خێزان و خانەوادە و ژیان و کاتژمێرەکان و خەندە و حیکایەتەکانی ڕێگا دوور درێژەکەی بیابان و جوانیەکان و گریانی منداڵانی ساوا و لاواندنەوەی دایکان، هەموو شتێ هەر هەمووی وەستاوە... !!؟**

**بۆیە منیش ئالێرەوە گەشتنامەکەم دەوەستێنم و کۆتایی پێ دەهێنم و جورئەتی ئەوەم نەما هیچی تر بنووسم، دوای ئەوەی لە لاپەرەکانی داهاتوودا چەندین دەقی ئەدەبی کە**

**هەڵقوڵاوی ناخی منە لە یەکەم چرکەساتی دیداری من و گۆڕەبەکۆمەڵەکە دەخوێنەوە.**



لە یەکەم دیداری ئێمە و ئەو گۆڕەبەکۆمەڵەدا مەحال بوو مرۆڤ بتوانێ خۆی رابگرێ، هەدار خان لە کاتی بینینی گۆڕەبەکۆمەڵەکە لە هۆش خۆی چوو.
بادیەی شێخ – بیابانەکانی سەماوە - ٢٣ی تەمموزی ٢٠١٩





من، لە کاتی بینینی گۆڕەبەکۆمەڵەکەی بادیەی شێخ بیابانەکانی

سەماوەی باشووری عێراق ٢٣ی تەمموزی ٢٠١٩ – خۆ ڕاگرتن ئەستەم بوو.

**چیم بینی!!**

چ تراژیدیایەك بوو ئێلاهی ئەمڕۆ (٢٣ی تەمموزی ٢٠١٩) بەچاوی خۆم بینیم... ئێسکی منداڵی ساوا بێ کەس کەوتووە و تەنیا مەموکە و پێلاوە دڕاوەکەی ماوە..

دایك منداڵی لە باوەشەو تەنیا چەند ئێسکێک و جلە کوردییەکەی ماوە... کچولانەی دەست بە بۆکەلەو دادە گەورەش جانتایەکەی پڕە لە کەلوپەل( بۆ ئەوەی منداڵەکانی برسییان نەبێ). پێلاوی بێ خاوەنی منداڵانە و قژی ڕەشی بۆکی تازە گوێزراوە و دەیان یادگاری و گەمەی منداڵان و کراس و کەوێی کوردی و دەسمال و گوستیلەو ئیکسسواراتی کچانی گەرمیان و ئەلقەی دەزگیرانداری و.... دەیان دیمەن کە بەهزرو خەیاڵی مرۆڤدا نەدەهات.

چ وێژدانێك بوو دەستی چووە زیندەبەچاڵکردن منداڵی ساوا و دایەی دووگیان و کچی دەزگیراندار...

من وەکو نوێنەری کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان بەهەماهەنگی تیمی نیشتمانی هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان و تیمی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و نوێنەری تاقانەکان و ڕێکخراوەکانی تایبەت بەم پرسەو هەروەها بە یاوەری پارێزگاری سەماوە و نوێنەرانی دەزگای شەهیدانی عێراق و ڕێکخراوی ئای سی ئێم پی و ئەندام پەرلەمانانی کورد لەپەرلەمانی عێراق لە لیژنەی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بەشداربووین...

لە (بادیەی شێخی) بیابانی سەماوە مەراسیمی هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان بەڕێوەچوو. ئەو بیابانەی نزیکەی ١٥٠ کیلومەتر لە پارێزگای سەماوە دوورە و دەکەوێتە سەر سنووری عەرەبستانی

سعودییە. ئەم گۆڕەبەکۆمەڵە ١٧١ رووفاتی تێدابوو و هەموویان ژن و منداڵ بوون و بە تێبینیکردنم بە جۆر و شێوازی جل بەرگیان و بەراوردێکی مێژوویی بۆ قۆناغەکانی ئەنفال، هەر زوو بۆم دەرکەوت کە ئەمانە خەڵکی گەرمیانن و بەجلوبەرگیشیانەوە دیارە وەرز ساردبووە کە زیندەبەچاڵکراون چونکە زۆربەیان بلۆز و جلی زستانەیان لەبەرە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت.



چرکەساتە ئازار بەخشەکان دیداری من و ئەم گۆڕەبەکۆمەڵە





یەکێك لەو دیمەنانەی لە کاتی هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان زۆرترین ئازاری دام ئەم کچولە بێ خاوەنەی ئەنفال بوو لە بیابانەکەی سەماوە. چەند جارێك هەوڵم دا تا دواجار جورئەتی ئەوەم هەبوو بتوانم ئەم دیمەنە و ئەم وێنەیە بچرکێنم.

**ئەژنووم شکا و هێزم نەما؟**
**باسی کام رووڵەی نیشتمان بکەم؟!!**

ئەو کچە میرمنداڵەی باوەشی کردووە بەزەویەکەیا و بەبێ کەس بێ دایك و بێ باوك و بێ خوشك و بێ برا، لە ناو رووفاتەکاندا خۆی حەشارداوە پیشتی کردووتە گوڵلە بارانەکە تاکو چرکەساتی رەمیکردن و زیندەبەچاڵکردنەکە نەبینێ، خۆی پێچاوەتەوە بەیەکا تا کەمترین گوڵلە و کەمترین ئازاری بەرکەوێ...

هووووو کچە شاجوانەکەی نیشتمانی من نەك تەنیا بۆ ساڵی ( ئەنفال ) بەڵکو لە ساڵی ١٩٨٨ و تا ئەمڕۆ و تا هەتایە تۆی شاجوانی نیشتمانی من.

ئارام بنوو پشوو بدە ئیتر تۆ دەگەڕێتەوە نیشتمان بەڵام (بەبێ گیان) بە خاکە پیرۆزەکەی کوردستان شاد دەبیتەوە...



ساتە ناخ هەژێنەکان- لەگەل گۆڕە بەکۆمەڵەکەی سەماوەی باشووری عێراق ٢٣ی تەممزی ٢٠١٩



زۆر هەوڵمدا نەمتوانی لەمە زیاتر لە گۆشە نیگای موبایلەکەمەوە وێنەی ئەم دایك و کۆرپەڵەیەکەی بگرم، لە وێنەکە وازع نیە بەڵام دیقەت بدەن دەبینن کە ئەم دایکە چوون کۆرپەڵەکەی لە باوەش گرتووە.

## دایك و کۆرپەڵە ساوایەکەی

ئەوەی لەگۆڕە بەکۆمەڵەکەدا بینیم.. عومەری خاور نەبوو لە هەڵەبجەش نەبوو ئەمجارەیان دایکی خاوەر بوو دایکێکی گەرمیانی لە بیابانەکانی سەماوە بوو. هەمان دیمەن و هەمان تراژیدیا، دایکێك لە ژێر خۆلیشدا کۆرپەلەکەی لەباوەش گرتووە، توند گرتوویەتی لە باوەشیا، ئای هاوار ئەمانە چەند درندەبوون و چ وێژدانێکیان هەبووە چوون توانیویانە ئەم دایك و ئەم کۆرپەڵەیە زیندەبەچاڵ بکەن، خودایە کورد بوون چەند سەختە، منداڵی ساوا گوناحی چی

بوو؟! ئەی دایکێکی میهرەبان لە گەرمیانەوە بۆ ئەم بیابانە، خەمی هەرە گەورەی شیردان بووە بە کۆرپەلەکەی...
چوون دڵتان هات بیانکوژن، ئەی کوانێ؟ چاوە شین و زەرد و کاڵ و سەوزەکەی؟! ئەی کوا قژە زەرد و ڕەشەکەی؟! ئەی کوانێ خەندە و دەنگی گغەگغ و میمی و مەمە و دایە و بابەی منداڵەکە؟!!! ئەی کوانێ لای لایەی (ئارام بنۆ ڕوولە ئارام بنۆی دایکەکە)؟!!.
ئەی کوانێ ڕووخسارە سپی و فریشتەییەی منداڵە ساوایەکە ئەی کوانێ دەستە سپییەکانی؟!!، بۆچی ئەمڕۆ تەنیا کەڵلە سەرێك و چەند ئێسکی بچکۆلانەن.

من شاعیر نیم بەڵام ڕووی ڕەخنەم ئاراستەی شاعیران دەکەم دەسا شاعیران بنووسن و بنووسن لە سەر ئەم کۆرپەلەیە و ئەم دایکە میهرەبانە، بەسە ئیتر بە بەژن و باڵای بەرپرساندا بڵێن. وێژدانتان ئاسودە بکەن و دڵ و دەروونتان ئارام بکەن. بنووسن لە بیانەکانی سەماوە دایکێك کۆرپەلەکەی لە باوەش گرتووە و دوای سی ویەك ساڵ هەر چاوەڕێیە شێر بدات بە کۆرپەلەکەی، بنووسن ئیتر خۆی وێنەکە قسە ئەکات ئێوەش قەسیدەو حیکایەتەکانی وێنەکەمان بۆ بگێڕنەوە.



دایك و کۆرپەلە ساوایەکەی باوەشی

سەیری وێنەکە بکەن تەنانەت چاوی دایکەکەش گرێدراوە، بەڵام دایکەکە رووڵەکەی هەر لەباوەش بووە بەری نەداوە تا دوا چرکە و دوا سات.
من هەموو شتێکم وەستاوە ببورن کە چیتر ناتوانم چیرۆکە ماندووەکانی ئەم وێنەیەتان بۆ بگێرمەوە!!.
( ئێمە لەکاتی هەڵدانەوەی رووفاتەکاندا بۆ هەر روفاتێك ئاڵایەکی سۆر دادەنین و دواتریش کود و زانیاری تایبەت بەم روفاتە و دواتریش دەخرێتە کارتون و کیسی تایبەتەوە. لە وێنەکەشدا ئاڵایە سۆرەکە گوزارشتە لە ئێسك و کەرستەی هەر مرۆڤێك...).




دایك و كۆرپەلە ساوایەكەی باوەشی



پێلاوێکی بێ خاوەن لە گۆڕەبەکۆمەڵەکەی سەماوەدا

٢٣ی تەمموزی ٢٠١٩

**گلەیی بێ گلەیی ... جووتە پێلاوەکەی ئەنفالکراو...**

(دەمەقالەی من و ئەم جووتە پێلاوە)

گلەیی بێ، گلەیی لەتۆ ئەی جووتە پێلاوی گۆڕی بەکۆمەڵی "بادیەی شێخی" بیابانی سەماوە، تۆ بویتە چاوساخی خاوەنەکەت و بەرەو گۆڕی بەکۆمەڵ بردت، ئەی نەتدەتوانی رابکەی و خاوەنەکەت رزگاربکەی؟!، ئەی نەتدەتوانی خۆت حەشاردەی. ئەی نەتدەتوانی لەپشتەوەی زیلەکاندا خۆت فڕێ بدەی؟. بۆچی نەدکرد و بۆچی خاوەنەکەت رزگارنەکرد، گلەیی بێ گلەیی.. هۆ جووتە پێڵاوی ئەنفالکراو...

کوا خاوەنەکەت؟!! سی و یەك ساڵە خۆت حەشارداوە بۆچی نەهاتی و پێمان بلێیٚ؟! ئەگەر بیانووت ئەوە بێت و بلیٚ من دووربوم... ئەی بۆچی نەچویتە عەرەبستانی سعودیە چونکە زۆر زۆر نزێك بووی لەسنوری ئەم وڵاتە. بۆچی سنورت نەبەزاندو بۆچی نەچوویە ئەویٚ و نەچویە مەککە و ماڵی خودا و گلەیی و گازندە و نالە و ئێش و ئازار و زیندەبەچاڵکردنی خاوەنەکەت بۆیان باس نەکرد؟

بۆچی سکالات نەکرد و بۆچی پێیانت نەوت بەهاواری ئێمە وەرن و ئێمە نزیکین لە ئێوە بەڵام بە ناوی ئەنفالەوەو لە ژێر سورەتی ئەنفال، ئێمەیان بیٚ خاوەن کرد ... بۆچی خۆت مات و بیٚ دەنگ کرد... دەپێم بلیٚ و قسە بکە و تۆ ئێستا ئازادی و مەترسە.

ببورن وەك وتم من شاعیر نیم و بەڵکو ئەمە هەڵقولاوی ناخی منە بەشێوەیەکی مەجازی و لەکاتی یەکەم دیداری من و ئەم جووتە پیلاوە لە گۆری بەکۆمەڵی بیابانی سەماوە لە کاتی هەڵدانەوەی.

(( دیقەتی ئەو ئێسکەش بدەن کە لەناو پێلاوەکەیە...!)).



**هۆ دایە گیان دە هەڵسەوە**

دە هەڵسەوە هۆ دایە گیان، سەیری ئەم بەرو ئەو بەرت بکە هەر هەمووی یادگاری رووڵەکانتە، ئەها وا من دەیبینم یەك تاکە نەعلەی کچە ١٨ساڵانەکەت و تاکە پێلاوی کورە بچوکەکەت لەم لایە کەوتوون، لە پشتەوەشت پێلاوی (مارادونای کورە وەرزشکارەکەتە لەگەل ئێسکێکی قاچ و لایەکی شەرواڵەکەی).

دە هەڵسەوە تو پێم بلێ ئەی کوا تاکە پێلاوەکەی تری و کوانێ کەڵلەی سەرو ئێسك و ئەندامەکانی تری جەستەیان، دەپێم بلێ بیابان قوتیدان یان فرعەونەکانی سەدەی بیستەم. دەهەڵسەوە هۆ دایە گیان ئەم بیابانە زۆر گەرمە و کەس بەرگەی گەرمای ناگرێ، ئێمە کاتژمیر ٣ شەو هاتین و بۆ کاتژمێر ١٠بەیانی

چیتر نەمانتوانی لە لاتان بین چونکە بەرگەی گەرما و تۆز و غوباری ئەم بیابانەمان نەگرت، ئەی چوون دەتوانین بەرگەی ئەم دیمانانەت بگرین، هو دایە گیان ئەی تۆ چوون ئەم هەموو جلوبەرگەت پوشیووە و سی و یەك ساڵە گەرماشت نیە، ئەزانم ... ئەزانم ئازاری لە دەست دانی ئازیزانت زۆر لە گەرمای بیابان بەسوترە، حەقت پێ ئەدەم هو دایە گیان.
دەهەڵسەوە دەستە گرێدراوەکانت بکەرەوە تۆ بەهێزی چونکە تۆ کچی وڵاتی ئەنفالستانی، تۆ دایکێکی گەرمیانی.
دە پێم بلێ هو دایەگیان ئەو دەسماڵەی پڕت کردووە لە خواردن و خۆراك و لەپشتەوەت گرێداوە چی تیایە، ئەتەوێ خواردن بدەی بەکامیان، کام ژەمی خواردنەو چ وەرزی ساڵە و چ ڕۆژە و چ مانگێکە لەلای تۆ؟!، هو دایە گیان لە گۆڕیشدا تۆ دایکایەتت سەڵماند و تۆ خەمی خۆتت نەبووە ئەوەندەی خەمی رووڵەکانت بووە.

ئەمەش یەکێکی تر بوو لەو دیمەنە پڕ لە تراژیدیایانەی لە گۆڕەبەکۆمەڵەکەی بیابانی سەماوەی باشووری عێراق بینیم لە کاتی هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان.
وێنەگرتنی زۆر ئەستەم بوو، زۆریش ئەستەمە مرۆڤ بتوانێ بەرگەی ئەو هەموو دیمەنانە بگرێ کە من بەچاوی خۆمم بینی، من بەدوای روفاتی باوکمدا دەگەڕام و ئازاری لە دەستدانی باوکمم بوو، بەڵام دیمەنی ئەو دایك و ئەم منداڵانە ئازارەکەمی زۆر گەورەترکرد.



دیمەنێکی تر لە گۆڕبەکۆمەڵەکەی بیابانەکانی سەماوە



سەیری کامیان بکەم باسی کامیان بکەم گۆڕێك پێنج مەتر بە نزیکەی هەشت مەتر ١٧١ ڕوفاتی قوربانیانی تێدایە.

**اقتلوهم اقتلوهم (بیانکوژن بیانکوژن بیانکوژن)**
ئێ چوون بتوانم بەرگە بگرم کاتێك ئەبینم منداڵی ساوا بەحەسرەتی شیری دایکییەوە زیندەبەچاڵکراوە، چوون بتوانم بەرامبەر بە دیمەنی ئەو دایکە بوەستم کە رۆولەکەی لە ئامێز گرتووە و توند توند گرتویەتی تا دواسات بەری نەداوە تەنانەت ئێسکەکانیشان تێکەڵ بوونە، چوون بتوانم خۆم رابگرم کاتێك ئەبینم کیژۆڵەیەکی گەرمیان پڕ لە حەز و پڕ لە هیوا چارەنووسی بیابەنەکانی سەماوە بێت، ئەی ئەو کوڕە بچکولانەی فریا نەکەوت ئەلف و بێ کوردی بخوێنی و بۆ دواجار وشەی ( اقتلوهم اقلتوهم اقتلوهم )و دەیان وشەی تری بیست.



دیمەنێکی تری گۆڕی بەکۆمەڵ - سەماوە - ٢٣ی تەمموز ٢٠١٩



تاڵە مووەکانی کچانی نیشتمانم لە گۆڕەبەکۆمەڵەکەدا

تالە مووەکانی قژی ڕەشی کچانی گەرمیانم
وای هاوار کێ هەیە بەرگەی دیمەنی ناو گۆڕەبەکۆمەڵەکان بگرێ، چەند بە ئازاران هەر دیمەنێك دەیان داستانی پڕ لە تراژیدیامان بۆ دەگێرنەوە.
ئا ئەوەتا قژو زۆلفی کچانی گەرمیان بەحسرەتی مەعشوقانیانەوە چاوەرێ گەڕانەوەی زیدی نیشتمانن.

لە پێشەکی چاپی دیەمی ئینجیلدا مەسیح نووسیبووی: کێ ئەنفالم بۆ دەخاتە رستەوە لە خاچەکەم دێمە خوارێ و سەری خۆمی پێ ئەبەخشم. جەمال غەمبار



## چەند دیمەنێکی تر لە گۆڕەبەکۆمەڵەکەی بادیەی شێخ لە سەماوە بیابانەکانی باشووری عێراق لە ۲۳ی تەمموزی ۲۰۱۹ لەگۆشەنیگای موبایلەکەمەوە گیراون

















**بۆچی بیانکوژن؟** چونکە هەمیشە حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق بەتایبەتی لە سەردەمی حزبی بەعسی عێراق و حوکمرانی سەدام حوسین ئەم وشەیان بەرامبەر بە کوردوکوردستان بەکار دەهێنا، ئەوان ئەگەر مرۆڤی کوردییان بدیتایە لە چوارچێوەی ئەم دەستەوژایە مامەلەیان لە گەل دەکردن...

هەروەها کاتێك بۆ یەکەم جار لەناو گۆڕەبەکۆمەڵەکەی بادیەی شێخ لە بیابانەکانی سەماوەی باشووری عێراق چاوم بە وێنەی ئێسکی منداڵێکی شەش حەوت ساڵان کەوت کە بە پاشماوەی پێلاو جلوبەرگەکەیەوە تێبینی تەمەنم کرد، وام هەستکرد کە ئەم منداڵە سەرەتای چوونیەتی بۆ قوتابخانە و بەحەزەوە بەئومێدەوە ویستویەتی بچێتە خوێندنگاو دڵنیاشم دایك و باوکی ئەم منداڵەش بە پەروشەوەبونە تاروولەکەیان داهاتویەکی باشی هەبێت و هەموو شتێکیان کردووە تا بتوانن منداڵەکەیان بنێرنە بەر خوێندن، بەڵام بەداخەوە یەکەم قوتابخانەی بۆی چوو، خوێندنگەی گۆڕی بەکۆمەڵی (بادیەی شێخ) بووە لە بیابان، دڵنیاشم یەکەم وشەو دوا وشە کە فێرکراوە لەم خوێندنگایە تەنیا و تەنیا وشەی بیانکوژن (اقتلوهم)ی پۆلیسی جینۆسایدی عێراق و دەولەتی عێراق و پیاوانی رژێمی بەعس بوونە. ئەمانەو دەیان هۆکاری تر وایانلێکردم ناوی ئەم پەرتوکە بکەمە **(بیانکوژن).**



**نووسەر ( ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی)**
**نووسەر و پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان**

•پرۆژەی ناساندن و بە دیکۆمێنتکردنی جینۆسایدی کورد و کوردستان، بیرۆکەیەکە لە لایەن توێژەرەوە لە چوارچێوەی توێژینەوە و نووسین و کار و چالاکی و پێشکەشکردنی بەڵگە و دیکۆمێنت و وێنە... لە بواری ناساندنی جینۆساید و بە دیکۆمێنتکردنی.
•هەوڵدانی توێژەر بۆ ناساندن و بە ئەکادیمیکردن و بە دیکۆمێنتکردنی تاوانە یەك لە دوا یەکەکان کە بەسەر کورد و کوردستاندا هاتوون لە (ڕاگواستن و بۆردوومانکردن و ئاوارەبوون و کۆمەڵکوژی و ئەنفال و لە سێدارەدان و سوتاندنی ژینگە و جینۆساید بە هەموو جۆرەکانیەوە).

•ئەم بەرهەم و بیرۆکانەی توێژەر، ئەوانەی بڵاوکراونەتەوە و ئەوانەی لە داهاتوودا ئەگەر خودا یاوەر بێت بڵاودەکرێنەوە کڕین و فرۆشتنیان لە سەر نیە، پێشکەشە بە کەسوکاری قوربانیان و مرۆڤ دوستان و توێژەران...
•توێژەر، بە ئەرك و ماندووبوون و شەونخۆنی و هەوڵ و تێکۆشانی خۆی، ئەم پرۆژەی پێکهێناوە و بەرێوەی دەبات و بەردەوامیش دەبێت ئەگەر خودا یاوەر بێت.

**(( من کێم ؟**
من کوڕێکی لادێیم و لە یەکێك لە گوندەکانی دەڤەری بارزان ژیان بە سەر دەبەم ( شانازی بەوە دەکەم کە لادێیم) ، ژیانێکی سادە و ساکار گوندێك کە لە زۆربەی خزمەتگوزارییەکان کەموکورتی هەیە و تەنانەت هێلی ئینتەرنێتمان زۆر خاوە و لە هەندێك شوێن و ماڵی گوندەکە شبەکەی ئینتەر نێت هەر نیە و هێلی موبایلیش نیە، ڕۆژنامە و گۆڤارو کتێبی تازە چاپکراو دوای چەندین مانگ مەگەر خۆم ڕێگام کەوتە شارەکان و لە بازار بەدەستم بکەون. دوورم و بێ بەشم لە کتێبخانە و سەنتەری رۆشنبیری و کافی و کۆنفرانسی ڕۆژانەی شارەکان.
بەداخەوە بەهۆی سیاسەتی چەوتی حکومەتی عێراق و حزبی بەعس دوور لە لادێیەکەم، لە ئۆردووگایەکی زۆرەملێ و لەژێر کۆنترۆڵی توندی حکومەتی بەعسدا و لە قۆناغەکانی سیاسەتی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە دایکبووم.
تەمەنم کەمتر لە ساڵێك بوو، باوکم لە گەل هەشت هەزار پیاوی بارزانی لە لایەن سەدام حوسێن و حزبی بەعس و پۆلیسی جینۆسایدی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی ١٩٨٣ جینۆسایدکراوە. ئێستاشی لە گەلدا بێت نازانم باوك چییەو بەدوای ڕامانی باوکدا دەگەڕێم ...))

**زانیاری کەسی**
**١-ناوی چواری:** رێبوار ڕەمەزان عەبدوللا یاسین
**٢-رێکەوتی لە دایکبوون:** ١٩٨٢/٧/٢٤
**٣-شوێنی لەدایکبوون:** ئۆردووگای زۆرەملێ قودس لە قۆشتەپە سەربە پارێزگای هەولێر. باوکم و هەردوو باپیرە و مام و دوو خال و ١٥٠ کەسی تر لە گوندەکەم لەگەڵ هەشت هەزار پیاوی بارزانی لە ساڵی ١٩٨٣ جینۆسایدکراوان.
**٤-شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا:** گوندی بازێ - ناحیەی بارزان - قەزای مێرگەسۆر- پارێزگای هەولێر.
**٥-بڕوانامە:** بەکالۆریۆس
**٦-دەرچووی:** کۆلێژی ئاداب زانکۆی سەلاحەدین بەشی کۆمەڵناسی ساڵی(2007 - 2006)
**٧- پسپوری و شوێن و پلەی کارکردنی ئێستا:**
-بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان ( لەساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا).

-سەرپەرشتیاری مۆنۆمێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان (لە ساڵی٢٠١١ تا ئێستا)
-نووسەر
-توێژەری کۆمەڵایەتی (پێشکەوتوو).
-راوێژکار لە رێکخراوی شیرین بۆ پرسی جینۆساید
-لە رێکخراوی داکۆکی لە قوربانیانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان
**٨-باری خێزانداری:** خێزاندار، خاوەن ٤ منداڵ و لەگەل خێزان و دایکم دەژیم و تاقانەم لە برا.
**٩-موبایل:** ٠٧٥٠٤٤٧٢٢٧١
**١٠-بواری داهێنان و پسپۆری و کارە خۆبەخشییەکان:**
-شارەزاو چالاکوان لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان بە گشتی و بارزانیەکان بە تایبەتی و ئەنفال و کۆمەڵکوژی و ڕاگواستن و قوربانیانی جینۆساید و شەهیدان, بوارەکانی مافەکانی مرۆڤ و کارکردنی مەیدانی لەسەر بەئەرشیفکردن و رزگاربووان و بەجێماوانی تاوانەکانی جینۆسایدو تاوانەکانی جەنگ و تاوانە دژ بەمرۆڤایەتیەکان و کەیسە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان. هەروەها شارەزا لەبواری بەدیکۆمێنتکردن و بە ئەرشیفکردن و بیرەوەری و یاد و یادەوەری.
-خاوەن (٥٧) پەنجا و حەوت کتێبی چاپکراوم, کە تایبەتن بە جینۆساید و ئەنفال و ڕاگواستن و کۆمەڵکوژی و تاوانە دژ بەمرۆڤایەتیەکان بەگشتی. هەروەها چەندین کتێبی تریش ئامادەی چاپن. جگەلە لەمانەش دەیان توێژینەوەی مەیدانی و ئەکادیمی و زانستیم ئەنجامداون لە شێوەی ڕاپرسی و فورم, دواتر وەك توێژینەوەی (مەیدانی و تیۆری) داتا و ئامارەکان سودیان لێ بینراوە و بڵاوکراونەتەوە, ئەمە جگە لە سەدان بابەت و وتاری ڕۆژنامەوانی.
-دوو کتێبم لەم پەنجا و حەوت کتێبە چاپکراوانەم لە مەنهەجی خوێندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەکارهاتوون و سودیان لێبینراوە و ئێستا لە قۆناغەکانی خوێندن (لە پۆلی دەیەمی زانستی و وێژەیی و خوێندنی پیشەیی و پەیمانگایەکان)دەخوێندرێت.
-خاوەنی زیاتر لە (٥٥٠٠) پێنج هەزار و پێنج سەد بەڵگەی جۆراو جۆری تایبەت بە تاوانە دژ بەمرۆڤایەتیەکان و ئەنفال و جینۆسایدی کورد و کوردستان کە بەشێوازی نهێنی و ئاشکرا لە لایەن حکومەتی عێراق و چەندین وڵاتی تر نووسراون و دەچوون.
-خاوەنی زیاتر لە (٤١٠٠٠) چل و یەك هەزار وێنەی جۆراوجۆری تایبەت بەو تاوان و نەهامەتیانەی بەسەر گەلی کوردو کوردستاندا هاتوون.
-خاوەنی زیاتر لە (٢٠٠٠) دوو هەزار چاوپێکەوتی چڕ و تێر و تەسەل لە سەر بەجێماوان و رزگاربووانی جینۆساید و ئەنفال و کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی جەنگ و تاوانە دژبە مرۆڤایەتیەکان . ( یادەوەر و میموری دەنگ و روخساریان ).
-سودێکی زۆر لە بەڵگە و وێنە و کتێبەکانم بینراوە (لە دادگادی باڵای تاوانەکانی عێراق دژ بە تاوانبارانی ناو قەفەس لە کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکان) هەروەها ئەندام بووم لە

کەیسی جینۆسایدی بارزانیەکان و کاری سەرپەرشتیکردن و ڕێکخستن و دەستنیشانکردنی گەواهیدەران و شایەدحالەکانمان ئەنجامدەدا.
-تا ئێستا هاوکاری سەدان قوتابیم لەسەرانسەری کوردستان (لە زاخو تا هەڵەبجە) و تەنانەت دەروەی وڵاتیش کردووە بەمەبەستی (دەستنیشانکردنی گرفت و باس و بەرنامە و پلانی -پێبەخشی دەرچوون- بەحس تخرج) لە بوارەکانی جینۆساید و ئەنفال و جۆر و قۆناغەکانیان, مێژوو و خەبات و قوربانیدان و ژینگە و سروشت و کولتوور و ... هتد لە گشت بوارەکاندا بە پێشکەشکردنی زانیاری و وێنەو بەڵگە و کتێب و هاوکاریکردن و هاندانیان.
-لە مۆنومێنت و گۆڕستانی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان پێشوازیمان لە سەدان هەزار کەس کردووە و بەردەوامیشن, لە نزیکەوە لە شێوەی سیمینار و شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ڕاگواستن و ئەنفال و جینۆساید و جۆرو قۆناغەکانی و نەهامەتی و ئازارو ئەشکەنجەکانی دوای جینۆسایدی بارزانیەکان بۆ میوانان و مرۆڤدوستان و پێشکەشکردنی بەڵگە و کتێب و زانیاری پێویست, میوانانی ناوخۆ و دەرەوەی وڵات هەندێك لەوانەی پێشوازیمان لێکردون لە ناوخوی وڵات:(سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێم و وەزیران و ئەندام پەرلەمانان و ڕۆژنامەنووسان و قوتابی و هاوڵاتیان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ...هتد), ئەوانەی دەرەوەی وڵاتیش: (چەندین قونسول و باڵیوز و وەفد و ستافی بیانی و ئەندام پەرلەمان و شاندی قوتابیان و ڕۆژنامەنووسان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن).
ئەمە جگە لە چاوپێکەوتن و باسکردنی ئەم نەهامەتیانەو زانیار و ڕاڤەکردنی ئەم تاوانانە بۆ ڕاپورتی ڕۆژنامەوانی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بیانی و ناوخۆیی ( بینراو و بیستراو خوێندراو), لە چەندین بەڵگە فلم و ڕاپورتدا بەشداربوومە, کە مەبەست ناساندنی ئەم تاوانانەیە, بەگشتی ئەم مۆنومێنتە وەك پردێکی ناساندنی جینۆسایدی بارزانیەکان بە دەرەوەی وڵاتی لێهاتووە.

**١١-ئەو بیرۆکە و پرۆژانەی دامهێناون:**

**-مۆزەخانەی بارزانیە جینۆسایدکراوەکان ( مۆنومێنت )**

دوای ئەوەی چەندین بەڵگە و وێنە و دیکۆمێنت و جل و بەرگ و کەرستەی ئەنفالکراوان -بارزانیە جینۆسایدکراوەکانم پێشکەش بە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کرد و مۆزەخانە و مۆنومێنتی بارزانیە جینۆسایدکراوەکانی لێ بەرهەم هات. دواتر جل و بەرگ و کەلو پەلی گۆڕە بەکۆمەڵەکانیش لەم هولانەدا دانران و لەوکاتەوە واتا ساڵی ٢٠١١ تا ئێستا بە بەردەوامی ڕۆژانە لەپێشوازی میوانان و ئازیزاندایین. بووەتە مۆزەخانەیەکی نیشتمانی و پردێکی ناساندن.

**-مۆزەخانەی لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە**

لە ساڵی ٢٠١٧ مۆزەخانەی (لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە) کە پێکهاتووە لە کەرەستە و جلوبەرگ و یادگاری شەهیدانی شەڕی دژ بە داعش, پێشکەشم بە بەڕێوەبەرایەتی کاروباری

شەهیدان و ئەنفالکراوانی بارزان کرد. وەك مۆزەخانە لە هوڵی ئەم بەڕێوەبەرایەتیە دانراون و لە پێشوازی ئازیزاندایین.
شایەنی باسە ئەم هەموو کەرەستە و بەڵگە و دیکۆمێنت و جلوبەرگانە بەرهەمی کتێبەکانمن و چونکە کاتێك کتێب یان توێژینەوەیەك ئەنجام دەدەم جگە لە نووسین کەرەستەو کەلوپەلی قوربانیانم لە خانەوادەی شەهیدان وەردەگرت و وەردەگرم.

**-مۆزەخانەی ماڵەوەمان**
لەماڵەوەش مۆزەخانەیەکی تایبەت بەجینۆساید و ئەنفال و یادگاری و جلوبەرگ و بەڵگە و هەروەها مۆزەخانەیەکی کولتووری و کەلەپوریم داناوە و لەپێشوازی قوتابیان و میوانان و نووسەران و گەنجاندایین.

**-پرۆژەی ( نەمامێك بروێنە و دوو کتێب بە دیاری وەربگرە).**
سڵاو و رێز بۆتوی ئازیز و ژینگە دوست، من ( ڕێبوار ) و هاوسەرم ( ڕێزان ) دەستخوشێت لێدەکەین و هیوادارین نمونەتان هەر زۆر بێت، سوپاس بۆ بەشداریکردنتان لە پرۆژەی (نەمامێك بروێنەو دوو کتێب بە دیاری وەربگرە)، بەم بوونەیەوە ئێمەش ئەم دوو کتێبەت پێشکەش دەکەین بە ئومێدی سوود بینین و بەردەوام بوونت لە چاندنی نەمام و چاودێریکردنیان. ئەمەی ئەنجامانداوە ئەرکێکی مرۆڤایەتی و نەتەوەیی و نیشتمانی یە و ئەرکی سەر شانی هەموومانە نیشتمان ئاوەدان و جوانتر و سەوزتر بکەین.
لەم نیشتمانەدا جوانیەکانی(مرۆڤ و خاك و سروشت) لە نێوبراون و سراونەتەوەو ئەنفال و کیمیاباران و جینۆسایدکراون، مرۆڤەکان زیندەبەچاڵکراون لە سێدارەدراون بە بێ دادگا، جوانیەکانی مرۆڤیان لەم خاکەدا شێواندووە، تاوان و زۆرداری و ئەشکەنجە و زیندانی و ڕاگواستن بەرامبەر بە مرۆڤ کراوە و کولتوور و فەرهەنگ و ئاین و یاسا و بەها بەرز و پیرۆزەکانی مرۆڤ سراونەتەوە.
خاکەکەمان دابەشکراوە و لەنێوبراوە، ژینگە و سروشتەکەمان سوتێنراوە و شێوێندراوە ئەمانە و سەدان جوانی تر ناشرینکراون لە لایەن نەیارانی کورد و کوردستانەوە.
دەسا با هەموومان پێکەوە دەست لەناو دەست جوانیەکانمان بگەڕێنینەوە و ژینگەکەمان زیندوو بکەینەوە.

(من) و (ڕێزان) وەکو دوو نووسەر و دوو هاوسەری لادێ نشینی گوندی بازێ لە دەڤەری بارزان بەمەبەستی جوانترکردن و پاراستنی ژینگە و سروشتی کوردستان ئەم پرۆژەمان پێکهێناوە و بەردەوام دەبین ئەگەر خودا یاوەربێت.

ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
نووسەرو توێژەری کۆمەڵایەتی

ڕێزان سالح بارزانی
نووسەر و چالاکوانی بواری ئافرەتان

**-پرۆژەی ( کتێبێك لە دوای خۆم بەجێ دێلم )**
ئەم پرۆژەیەش چەند ساڵێکە بەردەوامە، بۆ هەرشوێنکی گشتی بچم کتێبێك لەم دەزگا و فەرمانگە و سەرتاشخانە نورینگە و کافی و ... هتد بە جێ دێلم و پێشکەشیان دەکەم.

**-پرۆژەی (با قوتابیانیش لە یاد نەکەین)**
ئەم پرۆژەیەش چەند ساڵێکە بەردەوامەو قوتابیانی یەکەم و دووەم و سێیەمی گشت پولەکانی بەرێوبەرایەتی پەروەردەی مێرگەسۆر خەلاتیان دەکەم بە چەندین کتێب و فەرهەنگی جۆراو جۆر.

**-پرۆژەی ( پێبەخشی دەرچوون )**
ئەم پرۆژەیەش چەند ساڵێکە بەردەوامە، ئەمەیان تایبەتە بەقوتابیانی زانکو و پەیمانگایەکان ئەوانە پێبەخشی دەرچوون (بەحس تەخرج) و راپورت و بابەت و توێژینەوە پێشکەش بە زانکو و فاکەلتی و بەشەکانیان دەکەن، لێرەدا ساڵانە چەندین قوتابیی لە ناو خۆ و دەرەوەی وڵاتیش پەیوەندیمان پێوە دەکەن و سەردانمان دەکەن لە کتێبخانەکەی ماڵەوەماندا، بابەت و ناونیشانی توێژینەوە و بەرنامە و پلانی باسەکانیان و کتێب و بەڵگە و سەرچاوەیان پێشکەش دەکەین بە مەبەستی بەهێزترکردنی توێژینەوەکانیان و دواجاریش بەبەردەوامی چەند توێژینەوەیەك لە چوار چێوەی کتێبێکدا چاپ و بڵاو دەکەینەوە.

**-پرۆژەی (کتێبەکانم بە خۆراییی )**
هەموو کتێبەکانم بە خۆرایی و بە دیاری پێشکەش بە خوێنەران دەکەم، ئەمە تەنیا بۆ چاپی یەکەم بۆ چاپەکانی تریش ٥٠% بەخۆرایی پێشکەش دەکرێن و ئەوانی تریش دەخەمە بازار بەمەبەستی بەچاپ گەیاندنی کتێبێکی تر و هەندێ جاریش داهاتی کتێبەکانم دەبەخشم بۆ کاری خێرخوازیی، جگە لەمانەش گشت وێنەو بەڵگەو دیکۆمێنتەکان بەدیاری دەبەخشم.
زۆربەی کتێبەکانم لە ( کوردیپیدیا ) بڵاوکراونەتەوە بەخۆرایی دەتوانن داونلودی بکەن و سودی لێ ببینن تاکۆ ئێستا واتا پایزی (٢٠١٩)، لەم سایتەدا (١٠٦٥٣) دە هەزار و شەش سەدوو پەنجاو سێ کەس کتێبەکانمیان داونلود کردوو و سودیان لێ بینیوە. لینکەکەی:
https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20131214131832872 47&lng=1
ئەمە جگە لە ویبسایتی تایبەتی خۆم کە هەزاران کەس سودیان لێ بینیوە، لینکەکەی:
https://rbarzani.wixsite.com/barzani?fbclid=IwAR1U_R1brtmna2bazoFi0bmiH_ZeFcb27imNXxMrWVvQJpo71aI3TgRt00Y

**١٢-ئەو بوارانەی پێشتر خەڵات و رێزلێنان و سوپاسنامەم بە دەستهێناوە:**
-لە بواری توێژینەوەی ئەکادیمی لە چوارچێوەی کتێب.
-لە بواری جینۆسایدی گەلی کورد و کوردستان.
-وەك تویژەری کۆمەڵایەتی.
-وەك بەرێوەبەرێکی سەرکەوتوو .

-وەك هاوڵاتیەکی خۆبەخش.
-وەك نووسەر و چالاکوانێك.
- وەك کوڕە شەهیدیکی باوك جینۆسایدکراو.
بە دەیان سوپاسنامە و رێزلێنانن، خەڵات و رێزلێنان و سوپاسنامەکان لە لایەن ( سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەت و گشت وەزیرەکانی شەهیدان لە ساڵی ٢٠٠٧ تا ئێستا و رێکخراو و فەرمانگە حکومی و حزبی و ناحکومیەکان و رێزلێنانی کەسوکاری شەهیدان و چەندین زانکوی هەرێمی کوردستان... سوپاسنامەکان ناوخۆیی و بیانین).
هەروەها چەندین توێژینەوە و سیمینارم بۆ زانکو و پەیمانگایەکانی کوردستان و رێکخراو و سەنتەرەکان و هاوڵاتیان و کەسوکاری قوربانیان ئەنجامداوە بە تایبەت لە یاد و مەراسیمەکانی تایبەت بەپرسە نەتەوەیەکان و جینۆساید و ئەنفال. جگە لە چەندین پێشانگای جۆراو و جۆری تایبەت بەم بوارە. هەروەها بۆ چەندین رێکخراو کارم کردووە و ئەندام بوومە تیایاندا. لە چەندین مۆزخانە و مۆنومێنت سیمینارم پێشکەش کردوون لەمانە مۆزەخانەی هۆلۆکۆست لە ئاوشفیتزی وڵاتی پۆلونیا، گەورەترین مۆزەخانەی جەنگی جیهانی دووەمە کە لە لایەن نازیيەکانی ئەلمانیا و هیتلەرەوە ئەم کۆمەڵکوژی و جینۆسایدە ئەنجامدراوە لە هەمان ئەو گیتۆیانەی لە کاتی خۆی بە زۆرەملێ بە ڕاگوێزاو و بەندکراوە جولەکەکانی ئەوروپا دروستکراون لە لایەن نازییەکانەوە. چەندین کتێب و بەڵگە و دیکۆمێنتم پێشکەش بەم مۆزەخانەیە کردوون، هەروەها لە لایەن مۆزەخانەی ناوبراویش رێزلێنان و کتێبم پێشکەش کراون.

# پەرتووکە چاپکراوەکانی نووسەر و توێژەری کۆمەڵایەتی ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی

| | |
|---|---|
| ١ | ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانیەکان بۆ باشووری عێراق لە سەردەمی بەعسدا |
| ٢ | بارۆڤی لە ناوبردنی بارزانیەکان |
| ٣ | مێژووی جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا، بە بەراورد لە گەڵ ڕێککەوتننامە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان. |
| ٤ | لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە، چوار ئەفسەری قارەمان. |
| ٥ | جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە چەند بەڵگەنامەیەکدا |
| ٦ | شەهیدە بێ ناسنامەکان |
| ٧ | شەهیدە بێ ناسنامەکان، بەرگی دووەم |
| ٨ | پانۆرامای جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا |
| ٩ | بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم |
| ١٠ | کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان |
| ١١ | جینۆسایدی باوکان |
| ١٢ | لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە ١٨ پێشمەرگەی قارەمان |
| ١٣ | جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ |
| ١٤ | تراژیدیای چیای شنگال |
| ١٥ | لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان |
| ١٦ | (ن) نوون |
| ١٧ | ئاڵای کۆماری کوردستان |
| ١٨ | فرمێسك و ئازاری ڕەنگەکان |
| ١٩ | قرار محمكمة الابادة الجماعية للبارزانيين |
| ٢٠ | جینۆسایدی ئێزیدییەکان لەسەدەی بیست و یەکەمدا |
| ٢١ | لەزاری ئەوانەوە کوردستان و پێشمەرگە و ئێزیدی |
| ٢٢ | گەڕانەوە لە گۆڕی بە کۆمەڵەوە |
| ٢٣ | چیرۆکە نەبیستراوەکان |

| | |
|---|---|
| ٢٤ | چیرۆکەکانی دۆزەخی داعش |
| ٢٥ | فرمێسکەکانی شنگال |
| ٢٦ | لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە هەشت پێشمەرگەی قارەمان |
| ٢٧ | ژانی کوردستان |
| ٢٧ | یادگاریەکانی شەهید شیفا گەردی |
| ٢٩ | داعش و شەڕی شوێنەوارەکان |
| ٣٠ | تاوان و دڕندەیی داعش لە زاری خۆیانەوە |
| ٣١ | ئازارەکانی ژنانی ژێر دەستی داعش |
| ٣٢ | داعش ئەشکەنجەی منداڵە بارمتەکانی داوە لە کۆبانێ |
| ٣٣ | **Kuştina ji qestan ya sivîlan ji aliyê DAÎŞê**<br>قتل عمدي لمدنيين بأيدي داعش |
| ٣٤ | داعش لەکاتی پاشەکشەدا ماددەی کیمیاوی بەکارهێناوە |
| ٣٥ | ئەم منداڵە ئێزیدیە |
| ٣٦ | دەربازبووانی دەستی داعش |
| ٣٧ | زيجات قسرية وأسلمة للإيزيديين |
| ٣٨ | سوريا / تركيا ـ ألغام أرضية تودي بحياة المدنيين الفارين من كوباني |
| ٣٩ | بيت السبايا لبيع النساء |
| ٤٠ | قصص وحكايات أيام الأسر تحت يد داعش |
| ٤١ | قصص مخيفة من سبايا "داعش" |
| ٤٢ | ذوات الربطات البيضاء |
| ٤٣ | سوق الخلافة ـ الدولة الاسلامية ـ داعش |
| ٤٤ | مأساة السبي |
| ٤٥ | سوق الرقيق لتنظيم الدولة الإسلامية (داعش) |
| ٤٦ | فرار از جهنم داعش |
| ٤٧ | خاطرات تلخ |
| ٤٨ | سياه و سفيد، دختران ايزدى به اسارت درآمده داعش |
| ٤٩ | آزارهاى شنگال، به روايت خود زنان نجات يافته |

| | |
|---|---|
| ٥٠ | کۆبانێ، زامێکی دیکە لە جەستەی نیشتماندا |
| ٥١ | چیرۆکەکانی مەرگ و ژیان لە موسڵ |
| ٥٢ | هاواری کچانی نیشتمان |
| ٥٣ | ژانی نیشتمان |
| ٥٤ | شنگال زامێکی تری نیشتمان |
| ٥٥ | پاکیزەکانی شنگال |
| ٥٦ | ئالان، منداڵە خنکاوەکەی کەنار دەریا |
| ٥٧ | بیانکوژن |
| ٥٨ | شێخی بارزان |
| ٥٩ | بیانسوتێنن |
| ٦٠ | شەش ڕۆژ لە ناو حەوشە تەلبەندکراوەکەی دادگا |
| ٦١ | ئەنفال لە بەغدا |

**ئەم کتێبانەش لە ژێر نووسین دان و هندێکیان ئامادەی چاپن:**

**٦٢- جۆگرافیای دەڤەری بارزان**

**٦٣- ئەشکەوتی شانەدەر ( دەروازەیەك بۆ ناساندنی لایەنە ون و شاراوەکانی )**

**٦٤- جینۆساید نامە**

**٦٥- بارزان و بارزانی و بارزانیەکان لە بەڵگەنامەکاندا ( زنجیرە کتێبێکن )**

**٦٦- بارزان؛ فەرهەنگ و کۆلتوور و ڕەسەنایەتی و داب و نەریت**

**٦٧-کرۆنۆلۆجیای بارزان و بارزانیەکان**

**٦٨- بازێ گوندێکی جینۆسایدکراو ( زنجیرە کتێبێکن )**

**٦٩- بارزانیەکان و کۆماری کوردستان**


**٧٠- پاش باب**

**٧١- بارزان ( واتاو چەمکەکەی )**


**ئەمانە و دەیان کتێبی تر ئامادەی چاپن.**


# بەرگی کتێبە چاپکراوەکانی ( ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی)





















ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
کڕین و فرۆشتنی ئافرەتان
جینۆسایدی کوردانی ئێزیدی
REBWAR RAMADAN BARZANI
Buying and selling women
Genocide against Yazidi Kurds
بيع و شراء النساء
الابادة الجماعية بحق الكورد الايزيديين



Bi xêr hatî heloyê bilindfirê barzana min
بەخێربێی هەڵۆی بەرزەفڕی بارزانەکەم
WELCOME OUR BARZAN'S SOARER FALCON
اهلا بصقر بارزان المحلق
خوش امدی عقاب بلند پرواز بارزان من
2014


لە شەهیدانی ڕێگای نیشتمانەوە
18 هەژدە پێشمەرگەی قارەمان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


جینۆسایدی باوکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی



تراژیدیای چیای شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


جینۆسایدی دوێنێ و ئەمڕۆ
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی



ن
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


لە چیای مەرگەوە بۆ پردی ژیان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
2018


ئاڵای کۆماری کوردستان
ئاڵای کۆماری کوردستان


فرمێسک و ئازاری ڕەنگەکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی



قرار محكمة
الابادة الجماعية للبارزانيين
وثيقة قانونية
قرار محكمة
الابادة الجماعية للبارزانيين
وثيقة قانونية


جینۆسایدی ئێزیدییەکان
لەسەدەی بیست و یەکەمدا
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی



لە زاری ئەوانەوە
کوردستان و پێشمەرگە و ئێزیدی
PLEASE SAVE US


گەڕانەوە لە گۆڕی بە کۆمەڵەوە
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


چیرۆکە نەبیستراوەکان



چیرۆکەکانی دۆزەخی داعش
چیرۆکەکانی دۆزەخی داعش


هەشت پێشمەرگەی قارەمان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
ڕێزان سالح بارزانی


فرمێسکەکانی شنگال
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


یادگارییەکانی شەهید شیفا گەردی
ڕێزان سالح بارزانی
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


ژانی کوردستان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی



18+
تاوان و درندەیی داعش
لە زاری خۆیانەوە
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی
تاوان و درندەیی داعش لە زاری خۆیانەوە


داعش و شەڕی شوێنەوارەکان
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


ISIS Tortured Kobani Child Hostages
IŞİD Kobani'li Çocuk Rehinelere İşkence Yaptı
L'État islamique a torturé des garçons kurdes originaires de Kobane
ISIS torturó a niños secuestrados en Kobani
ISIS对科巴尼儿童人质施酷刑
イスラム国がコバニの子どもを拷問にして拷問
REBWAR RAMADAN BARZANI
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی


REBWAR RAMADAN BARZANI
ئازارەکانی ژنانی ژێر دەستی داعش
The suffering of women under the rule ISIS
معاناة نساء تحت حكم داعش
妇女遭ISIS虐待



REBWAR RAMADAN BARZANI
قوات داعش الفارة أطلقت مواد كيميائية
Fleeing ISIS Forces Fired Toxic Chemicals
REBWAR RAMADAN BARZANI



Kuştina ji qestan ya sivîlan ji aliyê DAÎŞê
Kurdî English Türkçe العربية
Deliberate Killing of Civilians by ISIS
Children, Women, Elderly Among Kobani Targets
REBWAR RAMADAN BARZANI
قتل عمدي لمدنيين بأيدي داعش
IŞİD'in Sivilleri Kasıtlı Olarak Öldürmesi
Kobani'de Hedef Alınanlar Arasında Çocuklar, Kadınlar ve Yaşlılar Bulunuyor
Kurdî English Türkçe العربية



ISIS Escapees
Describe Systematic Rape
Des ex-captives de l'État islamique
décrivent une politique de viols systématiques
Víctimas de ISIS
describen violaciones sistemáticas
REBWAR RAMADAN BARZANI
REBWAR RAMADAN BARZANI
دەربازبووانی دەستی داعش
الهاربات من داعش
2019



REBWAR RAMADAN BARZANI
هذا الطفل ايزيدي
This child is Yazidi
Cet enfant est Yézidi
Este niño es Yazidi
REBWAR RAMADAN BARZANI
هذا الطفل ايزيدي
This child is Yazidi
Cet enfant est Yézidi
Este niño es Yazidi



Syria/Turkey
Landmines Kill Civilians Fleeing Kobani
Suriye/Türkiye
Mayınlar Kobani'den Kaçan Sivilleri Öldürüyor
English Türkçe العربية
REBWAR RAMADAN BARZANI
Syria/Turkey
Landmines Kill Civilians Fleeing Kobani
Suriye/Türkiye
Mayınlar Kobani'den Kaçan Sivilleri Öldürüyor


Forced Marriage, Conversion for Yezidis
REBWAR RAMADAN BARZANI
زيجات قسرية وأسلمة للإيزيديين
Forced Marriage, Conversion for Yezidis
Des Yézidis détenus par l'État islamique sont forcés de se marier et de se convertir à l'islam
زيجات قسرية وأسلمة للإيزيديين
Des Yézidis détenus par l'État islamique sont forcés de se marier et de se convertir à l'islam
English Français العربية



قصص وحكايات
أيام الأسر تحت يد داعش
قصص وحكايات
أيام الأسر تحت يد داعش


بيت السبايا لبيع النساء
بيت السبايا لبيع النساء


قصص مخيفة من سبايا "داعش"
ريبوار رمضان بارزاني



ذوات الربطات البيضاء
ريبوار رمضان بارزاني


سوق الخلافة - الدولة الإسلامية - داعش
ريبوار رمضان بارزاني



مأساة السبي
ريبوار رمضان بارزاني



سوق الرقيق
لتنظيم الدولة الإسلامية (داعش)
ريبوار رمضان بارزاني



فرار از جهنم داعش



خاطرات تلخ
روزهای تحت اسارت داعش
ريبوار رمضان بارزاني



سياه و سفيد
ريبوار رمضان بارزاني



آزارهای شنگال
به روایت خود زنان نجات یافته



کۆبانی


چیرۆکەکانی مەرگ و ژیان
لە موسل



هاواری کچانی نیشتمان



ژانی نیشتمان



شنگال
زامێکی تری نیشتمان



پاکیزەکانی شنگال



ئالان
منداڵە خنکاوەکەی کەنار دەریا


شێخی بارزان
THE SHEIKH OF BARZAN
AN ORIENTAL VICH IAN VOHR


بیانکوژن
گەشتنامە


شەش ڕۆژ
لە ناو حەوشە تەلبەندکراوەکەی دادکا


بیانسوتێنن


ئەنفال لە بەغدا
ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی